یەکڕیزی ئاوات و ئامانجمان دێنێتە دی

# ئەوەی لە دەرەوەی یەکڕیزی بخوێنێت قەلەڕەشێکی ریسوای هەموو کوردستان دەبێت



مەحمود محەمەد*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

**ئەوەی لەم قۆناغە هەستیارە بۆ کوردو کوردستانیەکان گرنگە یەکڕیزی و یەک گوتارییە، کاری پێکەوەیی سوود وەرگرتن لەم بارودۆخەیە، کە ئێستا واقیعێکی نوێی خوڵقاندووە، هەرچەند تا ئێستا مالیکی و تیمەکەی ئومێدی خۆیان لەسەر لێکترازانی یەکڕیزی نێو ماڵی کوردی هەڵچنیوەو بێ خەبەر لەوەی تەریکبوونی کەس یان لایەک لە کوردستان جێگای نەماوەو رای گشتی کوردستان لە چوارچێوەی نێو ماڵی کوردستانیدا جێی ناکاتەوە، ئەگەر لێرەو لەوێش چەند دەنگێکی نەشاز دەبیسترێن ئەوە هەوڵێکی بێهودانەیە کە یان توخمی ئایینزایی لە دەمارەکانی جووڵەی پێ دەکرێت وەکو دەمارەکانی تەها جەزراوی، یان کەسانی هیچ نەکردەی خۆبەشتزان و خۆبەزلزان کە بە فریای تیمەکەی مالیکی ناکەون، یەکڕیزی نێو ماڵی کوردستانی بە وانە ئاڵۆز نابێت، بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی کوردستان و دەزگا هەڵبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستان (سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم) بە وردی و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو رەهەندەکانی پێوەندار بەم بابەتەوە هەنگاو دەنێن و جەماوەری کوردستانیش پاڵپشتیانن و پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی کوردستانیش لە سنوورەکانی کوردستان زەمینەخۆشکەری هێنانەدی ئاوات و ئامانجی لە مێژینەی گەلەکەیانن و ئەو کەسەش لە دەرەوەی پۆلی یەکڕیزیدا بخوێنێت قەلەڕەشێکی ریسوای هەموو کوردستان دەبێت.**

بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی کوردستان و دەزگا هەڵبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستان (سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم) بە وردی و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو رەهەندەکانی پێوەندار بەم بابەتەوە هەنگاو دەنێن و جەماوەری کوردستانیش پاڵپشتیانن و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستانیش لە سنوورەکانی کوردستان زەمینەخۆشکەری هێنانەدی ئاوات و ئامانجی لە مێژینەی گەلەکەیانن و ئەو کەسەش لە دەرەوەی پۆلی یەکڕیزیدا بخوێنێت، قەلەڕەشێکی ریسوای هەموو کوردستان دەبێت.

بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان بە وردی و بایەخەوە چاودێری رووداوەکانی عێراق دەکەن و هەندێکیشیان نیگەرانن لەوەی روویداوەو روو دەدات، هەندێکیان لە روانگەی پەرەسەندنی توندڕۆ و تیرۆریستانەوە سەیری بارودۆخەکە دەکەن و بەشێکیشیان لە روانگەی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان و، ئابووری و ئایینی و مەزهەبی تا دەگاتە دەمارگیری و نەتەوەیی..

بەڵام ئەم وڵاتە بۆچی گەیشتە ئەم ئاستەی کە هەموو جۆرە نیگەرانیەکی تێدا بەدی بکرێت بۆ نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکانی جودا جودای ناوخۆو دەرەکیش. ئەگەر بە راشکاوێتی و دوور لە دەستەواژەکانی دیپلۆماسی و پشت پەردە لەسەری بدوێین، دەبێت بڵێین، میتۆدی تۆڵەسەندنەوە، یەکتر قبوڵنەکردن، باوەڕنەبوون بە مافەکانی مرۆڤ و تێنەگەیشتن لە دیموکراسیەت یان باوەڕپێنەبوونی، جێبەجێکردنی ئەجێندای وڵاتانی دیکە لەلایەن بژاردەیەکی سیاسی و بەشدار لە پرۆسەی سیاسی هۆکارن، ئەمانەیە کە وایکرد بونیادنانەوەی عێراق بە شێوازی سەردەمیانەو دوور لە تێگەیشتن و سیاسەت و میتۆدی رابردوو لاواز ببێت لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە ناوخۆو دەرەوەشدا..

دەسەڵات بەدەستان و ئۆپۆزسیۆن ئامادە نەبوون لە پێناوی ئاییندەی عێراق و گەلەکەیاندا سیاسەت بکەن، بەڵکو لە پێناوی زیاتری دەسەڵات و بچووککردنەوەی ئەوانی دیکەدا هەڵوێستیان وەرگرت و زیاتر جیاوازییەکانیان وروژاندو قەیران لە دوای قەیرانیان خوڵقاند، شیعە کە خۆی بە زۆرینە دەزانێت و دەسەڵاتی رەهای لە دەست بوو بەشێکی زۆری ناڕازی بوو، هەروەها عەرەبی

**هەندێک لە سیاسییەکانی سوننەو شیعە وەها بیریان کردبێتەوە بە تێپەڕبوونی کات کورد لەسەر ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی رادێن و هزری دەوڵەتی سەربەخۆ بەلاوە دەنێن، ئەمان بە تەواوەتی بە باشی تێنەگەیشتون و لە حیساباتیاندا بە هەڵەدا رۆیشتون**

**وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە مالیکی دەڵێت: سەرۆک ئۆباما لە ژێر گوشارێکی توندی کۆنگرێسدایە، ئەندامانی کۆنگرێس زۆر بە روونی ئاگاداری رەفتارە تایەفەگەرییەکانن و دەزانن کە تایەفەیەک بەسەر تایەفەیەکی تردا زاڵ کراوەو فتوای هەڕەشەئامێز لە دژیان دراوەو خەڵکانی سڤیل کۆکراونەتەوە بۆ جەنگ**

سوننە نەك هەر نارازی بوون، بەڵکو هەستیان کرد لە پەراوێزکردنیش تێپەڕیون و هەوڵی لە ناوبردنیان دەدرێت، دەیانوت سوننەبوون خەریکە دەبێتە تاوان، کورد بەشدارییەکی چالاکانەی پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراق بوو، ئارەزوومەندانە سیستمی فیدراڵی بە پەسەند زانی بۆ دەوڵەتی عێراق و زۆر کارایانە لە نووسینەوەی دەستوور و دروستکردنەوەی سوپاو دامەزراوەکانی حکومەت بەشداریی کرد، ئەمەش بەو ئومێدەی شیعەی چەندین ساڵ چەوسێنراوە لە چەوسێنراوەیەکی تری عێراق کە کوردە تێدەگات، عروبەی ئەمیان لەگەڵ ئەوی پێشوودا جیاوازەو تەجاوزی ئەو قۆناغەیان کردووەو لە چوارچێوەی دیالۆگی بەردەوام لەگەڵ لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی ئەو قەیران و گرژیانەیان تێپەڕاندووەو ئامادەن و دەسەڵات دابەش دەکەن و هەموو لایەك بە کوردیشەوە دەبنە بەشێکی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی عێراقی و سەرکردایەتی ئەم وڵاتە فرە نەتەوەو ئایین و ئایینزایە بە هەموو لایەکەوە دەکرێت...

بەڵام ئەم سیاسەت و رەوتەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و تیمەکەی، بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانەوە بواری زیاتری بۆ تیرۆریستان کردووەو خۆیان لە کۆمەڵێك کێشەی وڵاتانی دەوروبەر ئاڵۆزکاندو نەك پێویست نەبوو، بەڵکو بیانووی دایە دەست هەرچی هەست بە پەراوێزخستن و دژایەتی کردن بکات (جگە لە کورد) بخزێنە ناو رێکخراوە توندڕۆکان یان بوونە پاڵپشت و زەمینە خۆشکەر بۆ گەشەکردن و گەورەبوونی ئەو رێکخراوانەو تا ئاستێکی زۆر باش هەر ئەو سیاسەتەی سەرۆك وەزیرانی زۆنی سەوزی بەغدا حزبی بەعسی چالاك و زیندوو کردەوەو سیاسەتی بانێکەو دوو هەوا بۆ پلەدارەکانی بەعسی فاکتەرێکی کاریگەر بوو لە قبوڵکردنەوەی بەعس لە ناو کۆمەڵگە بەوەی بەعسی شیعە پاکەو بەعسی سوننە بۆ پاکتاوکردنەو لە راستیشدا بەعسی هەر بەعسییە، کاتێك هۆزو خەڵکی چەندین ناوچەو شارەکان هاتنە سەر شەقام و داوای چاکسازی و خزمەتگوزاری پێداچوونەوەی سیاسەتە هەڵەکانیان کرد، لە جیاتی گوێگرتن و لە رێی دیالۆگەوە جێبەجێکردنی خواستە رەواو دەستووری و یاساییەکانیان رێگەی چەك و هێرش کردنەسەرو تێوەگلاندنی سوپایان گرتەبەر(وەك چۆن لە رووداوێکی بچووکی ناوچەی خانەقین تانك و سوپای بەکارهێنا) لووتبەرزی و کینەی مەزەبی وایکرد، کۆمەڵە رێکخراوێکی تیرۆریست بخزێنە ناو مەیدانەکانەوە لەسەر حیسابی ئەو نارەزایەتیە خۆیان بەهێز کردو هەلی بۆ دەستی دەرەکی رەخساند، سەرکردایەتی کوردستان و بە تایبەتیش بەڕێز سەرۆك بارزانی لە چەندین بۆنەدا رایگەیاندو بە باشی زانی حکومەتی عێراق بە پیر داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانەوە بچێت و داوا رەواکانیان کە یاسایی و دەستوورین، جێبەجێ بکرێن. ئەو داواکارییانەش کە لە دەرەوەی یاساو دەستوورن، نابێت پشتگیری بکرێن. هەروەها چەندینجار وتی با لە لە پاڵ خەڵکێکەوە کە هەست بە پەراوێزخستن دەکەن و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن رێکخراوە توندڕۆیەکان هەڵەکە نەقۆزنەوە، بەڵام گوێ نەگیرا، ئەمما سەبارەت بە کورد و کوردستان، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بە دەستی ئینگلیزەکان لە سەدەی رابردوو، لایەنی یەکەم نەتەوەیی و نیشتمانی و لایەنی دووەم دیموکراتی و سیستمی بەڕێوەبردنی عێراق بە گشتی بووە، لە رووی نەتەوەییەوە کورد لە سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی رابردوو راپەڕین و شۆڕشیان کردووەو قبوڵی نەکردووە وەك هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و وتویەتی بەبێ رازی بوون و بەبێ ئیرادەی خۆی بە عێراقەوە لکێنراوە، ئەمەش بەو مانایە نییە بێبەش بکرێت لە هەموو ماف و ئازادییەکانی، کورد بە مافی خۆیی دەزانێت دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت و ئەوەش مافێکە کە رۆچۆتە ناو زەینی هەموو کوردێك و زۆربەی کورد چارەسەرییەکانی دیکەی وەك ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی بە چارەسەری کاتیی دەزانێت، تەنیا کات لەبەرچاو دەگرن و ئەگەر عەقڵانیەت و واقیعیەت لە ناو سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا حوکمی کردووە بە مانای وازهێنان لە مافی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەبووە، لەوانەیە هەندێك لە سیاسییەکانی سوننەو شیعە وەها بیریان کردبێتەوە بە تێپەڕبوونی کات کورد لەسەر ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی رادێن و هزری دەوڵەتی سەربەخۆ بەلاوە دەنێن، ئەمان بە تەواوەتی بە باشی تێنەگەیشتون و لە حیساباتیاندا بە هەڵەدا رۆیشتون، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد لە رابردوو ئێستاش و لە دەیان ساڵەی خەبات و قوربانیدان و بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی کە عێراق لە لایەن ئینگلیزەکانەوە دروست کرا هەوڵی دا لە گەلی عەرەب بگەیەنێت کە خەبات و تێکۆشانمان بە چەکداری و بە سیاسی و بە ئاشتی و بە دیالۆگ و بەوەی کە کردومانەو بەوەیش کە لەمەودا دەیکەین، لە پێناوی مافە رەواو زەوتکراوەکانماندا بووەو دەبێت و رۆژێك لە رۆژان دژ بە گەلی عەرەبی نەبووەو نابێت. چ لە عێراقدا یان لە دەرەوەی عێراقدا لە دژی عەرەب نەجەنگاوین، بەڵکو لە دژی رژێمە دیکتاتۆرە خوێنڕێژەکان بووە، چونکە لە بیرکردنەوەماندا ئەوە نەبووە کە عەرەب وەك گەل و وەك رژێم بە یەکەوە دژی مافی رەوای گەلی کوردن و هەروەها چاوەڕوانیش نەبووین گەلی عەرەبی دژی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بن، هەرچەندە رژێمەکان بۆ وروژاندنی هەستی عەرەب دژ

بە مافی سەربەخۆیی کوردیش بێوچان کاریان کردووە ئەم هەوڵەشیان هەندێکجار ئاکامی هەبووەو بە زیانی کورد تەواو بووە، بەهەرحاڵ بارودۆخی ئێستای عێراق بۆ هەرسێ پێکهاتەی کوردو شیعە و سوننە جیاوازی زۆری لەگەڵ ساڵانی رابردوو لە هەموو روویەکەوە هەیەو واقیعێکی نوێ لە دنیادا هەیە کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر تەرازووی هێز هەیە لە عێراقدا..

سیاسەتمەدارو دەسەڵاتداری باش دەبێت ئەم واقیعەی جیهانی و ناوخۆیی عێراقیش لەبەرچاوان بگرێت، ئەگینا تووشی لێکدانەوەی هەڵەو ئاڵۆز دەبێت. هەروەکو بەشێك لە سەرکردەکانی دەوڵەتی یاسا کە لە حیساباتیاندا بە هەڵەدا چوون، بەڵام لەم چەند مانگەی رابردوودا پەردەی سەر فکرو لێکدانەوەکانیان هەڵدرانەوەو هەموو عێراقیان تووشی کێشە کردەوەو ئیحراجییان بۆ خۆشیان و بۆ دۆستەکانیشیان و هەتا بۆ مەرجەعە مەزهەبییەکانیش دروست کردەو. کێشەی ناوخۆیی شیعەو شیعەیان دروست کردەوەو ئەمریکای پاڵپشتیان و پارێزەریان و هێنەریان بۆ سەر حوکم ئیحراج کردەوە، ئەوەتا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە مالیکی دەڵێت((بە راشکاوێتی دەمەوێت ئاماژە بدەم بە شتێك دوور لە وشەو چەمکی دیپلۆماسی، هەندێك لەو سیاسەتانەی لەژێر گوشاری رووداوەکاندا پێڕەوتان کردووە هەر لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١وە هەست و شعووری توێژێك لە توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراقیتان پێ وروژاند، لێرەدا مەبەستم سوننەیە چونکە هەست دەکەن و درکیان بەوە کرد کە رۆڵگێڕان و بەشداریکردنیان لە بونیادنانەوەی عێراقدا لاوازکراوەو لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە پەراوێز خراون)) دواتر بە راشکاوانەتر پێی دەڵێت ((وەك دەزانن سەرۆك ئۆباما لە ژێر گوشارێکی توندی کۆنگرێسدایە، ئەندامانی کۆنگرێس زۆر بە روونی ئاگاداری رەفتارە تایەفەگەرییەکانن و دەزانن کە تایەفەیەك بەسەر تایەفەیەکی تردا زاڵ کراوەو فتوای هەڕەشەئامێز لە دژیان دراوەو خەڵکانی سڤیل کۆکراونەتەوە بۆ جەنگ، هەموو ئەمانەش نە لە بەرژەوەندی گەلی عێراقدایە نە لە بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکەدایە)).

سەرەڕای ئەمریکا ئیحراجبوونی بۆ ئێرانی دراوسێی دروست کردووەو کە ئێران رووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەو گرفتی جدی بۆتەوە بە سیاسەتە چەواشەکاری و ناواقیعیەکانی مالیکی و تیمەکەیەوە، ئەم ئیحراجبوونەشی بۆ دروست کردووە. هەر بۆیەش جۆن کیری بە مالیکی دەڵێت((ئێمە لە خۆڕا قسە ناکەین، بەپێی زانیاری ورد ئاگادارین دەستێوەردانی ئێرانی بەم شێوەیەی ئێستا کە هەیە پاڵمان پێوە دەنێت روو لە بژاردەی تر بکەین، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ناوچەکە بکەوێتە ناو دۆخێکی ناجێگیرەوە بەڵکو دۆخێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە)).

راستگۆ نەبوونیان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لە پەیمان و هاوپەیمانیەتیەکانیاندا لەم چەند رۆژەی دواییدا بۆ تەواوی خەڵکی دنیا روون بۆتەوە کە چۆن رێگربوون لە جێبەجێکردنی ماددەیەکی دەستووری وەك ماددەی ١٤٠، کە راستەوخۆ پێوەندیدارە بە چارەسەرکردنی کێشەگەلێکی زۆر لە عێراق و رۆڵی گرنگی دەبوو لە گێڕانەوەی متمانەو چارەسەری کێشە درێژخایەنەکان.

چۆن دەکرێت لەمەودوا متمانە بە هاوبەشێکت بکەیت کە بەردەوام ویستویەتی راستگۆ نەبێت و ژێر بە ژێری لە دژی بەرژەوەندییەکانی کوردو کوردستان کاریان کردبێت و ئێستاش زمانی هەڕەشەو گوڕەشە بەکاردەهێنن و هەر ئەم زمانەو ئەم رەفتارەیان رووداوی دڵتەزێن و ناخۆشی زۆری لێ کەوتۆتەوەو هەزاران کەس بوونەتە قوربانی..

**چۆن دەکرێت لەمەودوا متمانە بە هاوبەشێکت بکەیت کە بەردەوام ویستویەتی راستگۆ نەبێت و ژێر بە ژێری لە دژی بەرژەوەندییەکانی کوردو کوردستان کاریان کردبێت و ئێستاش زمانی هەڕەشەو گوڕەشە بەکاردەهێنن و هەر ئەم زمانەو ئەم رەفتارەیان رووداوی دڵتەزێن و ناخۆشی زۆری لێ کەوتۆتەوەو هەزاران کەس بوونەتە قوربانی**

ئەوەی لەم قۆناغە هەستیارە بۆ کوردو کوردستانیەکان گرنگە یەکڕیزی و یەك گوتارییە، کاری پێکەوەیی سوود وەرگرتن لەم بارودۆخەیە، کە ئێستا واقیعێکی نوێی خوڵقاندووە، هەرچەند تا ئێستا مالیکی و تیمەکەی ئومێدی خۆیان لەسەر لێکترازانی یەکڕیزی نێو ماڵی کوردی هەڵچنیوەو بێ خەبەر لەوەی تەریکبوونی کەس یان لایەك لە کوردستان جێگای نەماوەو رای گشتی کوردستان لە چوارچێوەی نێو ماڵی کوردستانیدا جێی ناکاتەوە، ئەگەر لێرەو لەوێش چەند دەنگێکی نەشاز دەبیسترێن ئەوە هەوڵێکی بێهودانەیە کە یان توخمی ئایینزایی لە دەمارەکانی جووڵەی پێ دەکرێت وەکو دەمارەکانی تەها جەزراوی، یان کەسانی هیچ نەکردەی خۆبەشتزان و خۆبەزلزان کە بە فریای تیمەکەی مالیکی ناکەون، یەکڕیزی نێو ماڵی کوردستانی بە وانە ئاڵۆز نابێت، بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی کوردستان و دەزگا هەڵبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستان (سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم) بە وردی و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو رەهەندەکانی پێوەندار بەم بابەتەوە هەنگاو دەنێن و جەماوەری کوردستانیش پاڵپشتیانن و پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی کوردستانیش لە سنوورەکانی کوردستان زەمینەخۆشکەری هێنانەدی ئاوات و ئامانجی لە مێژینەی گەلەکەیانن و ئەو کەسەش لە دەرەوەی پۆلی یەکڕیزیدا بخوێنێت قەلەڕەشێکی ریسوای هەموو کوردستان دەبێت.

---

*** ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان**

# گەلی کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی دەدات نەک کۆشکی سپی

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



لەم ماوەی دواییدا جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەردانی شاری هەولێری کردو لە دیدارێکیدا لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی کوردستاندا دوایین پێشهاتەکانی بارودۆخی عێراقی تاوتوێ کرد، ئەو لەم سەردانەدا جەختی لەوە کردەوە کە دەبێ چ کورد و چ هەرێمی کوردستان(KRG) لە خەمی یەکێتیی دەوڵەتی عێراقدا بن، ئەم پرسە گرنگە بە هیچ شێوەیەك پێوەندی بە ئیدارەی ئەمریکاوە نییە، چونکە تەنیا خودی گەلی کورد و سەرکردەو نوێنەرە سیاسییەکانی مافی ئەوەیان هەیە بڕیاری لەم شێوەیە بدەن، دیارە بڕیاردانی ئەم پرسەش هەروا ئاسان نییە، چونکە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقێکی لێکترازاودا دوولایەنی هەیە، لایەنێکی سوودبەخشەو لایەنەکەی دیکەی مەترسیی هەیە، بەهەمان شێوە، کاتێ سەربەخۆیی رادەگەیەنرێت پێویستە رەچاوی ئەم دوو لایەنەش بکرێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کاتێ کورد ئەم بڕیارە دەدات پێویستە لەلای خۆیەوە ئەمریکا رێز لەم ئیرادەیە بگرێت و ئەو کارە نەکات کە دەرئەنجامێك بسەپێنێت کە بەلای خودی بەرپرسە ئەمریکییەکانەوە دەرئەنجامێکی خوازراو بێت.

پابەندبوون بە عێراقێکی یەکگرتووەوە مەترسیی ئاشکراو روو لە زیادبوونی لەدواوەیە، بەهەرحاڵ پێدەچێت چەمکی وڵاتێکی یەکگرتووی وەك عێراق زیاتر لەخەیاڵەوە نزیك بێت، دیارە ئەو پرۆسەی خۆبەڕێوەبەرییەی کە پتر لە دە ساڵە لە هەرێمی کوردستان(KRG) پیادە دەکرێت بە ئاستێکی زۆر دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی لە بەغدا سنووردار کردبوو، ئەو هەرێمە لەم ماوەیەدا خاوەنی حکومەتی سەربەخۆی خۆیەتی، ئەو حکومەتە خاوەنی ئاڵا و هێزی بەرگری و دراو و سیاسەتی ئابووریی خۆیەتی، گەر سەیری دەسەڵاتی جوگرافی حکومەتی ناوەند لە بەغدا بکەین دەبینین دوای ئەو پەلاماردانە خێرایەی یاخیبووانی سوننەو هاوپەیمانەکانی لەسەرووشیانەوە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) دەبینین دوای ئەوەی بەم خێراییە ئەو رووبەرە خاکەیان بەدەست هێنا، ئەم دەسەڵاتە تا رادەیەکی زۆر بچووك بۆتەوە، واتا حکومەتی ناوەند بە تەواوی دەسەڵاتی بەسەر ئەو پارێزگاو شارۆچکانەی عێراقدا نەماوە و لە رووی ئیدارییەوە لەژێر کۆنترۆڵی ناوەندا نەماون، کە هەموو ئەو ناوچانە سوننەنشینن.

ڕەنگە هەندێ لەو سەربازانەی کە بەناو بۆ نوری مالیکی و ڕژێمەکەی دڵسۆزن لەگەڵ ئەو میلیشیا شیعانەی کە بەم دواییە چەکدارکراون، تا ڕادەیەك بتوانن لەو ناوچانەی کە زۆربەیان شیعەنشینن و دەکەونە باشوور و ڕۆژهەڵاتی بەغداوە، لە بەرامبەر پێشڕەوی کردن و هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) بەرگری و ڕێگریی بکەن، بەڵام ئەم پرۆسەیە زۆر ئەستەمە سەربگرێت ئەگەر پاڵپشتییە چڕ و پڕەکانی ئەمریکا یان ئێرانی لەگەڵدا نەبێت، چونکە ئەوەی لە واقیعدا هەیە ئەوەیە کە لە ئێستادا قەوارەیەکی سیاسی عەرەبی سوننی لە چەند بەشێکی داگیرکراوی عێراق و سوریادا هاتۆتە ئاراوە، ئەوە گرنگ نییە هەتا ئەگەر لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە بە فەرمی دان بەو پەرەسەندنانەدا بنێت یان نا.

لە ئێستادا پێویستە هەموو لایەك لەوە چاك تێبگەن کە ئەگەر کوردستانی عێراق بێتە سەر ئەو بڕیارە و دواجار خۆی لە دەوڵەتی لێکترازاو و هەرەسهێنراوی عێراق ڕزگار بکات ئەویش بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، کاتێ هەرێمی کوردستان (KRG) بڕیاری دا شاری کەرکوك کۆنترۆڵ بکات کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردەو دەوڵەمەندیشە بە نەوت هەنگاوێکی ژیرانەی کاتی بوو، تەنانەت چاوەڕوانی ڕوودانی لێ نەدەکرا، کە تێیدا هەندێ ڕواڵەتی یەکگرتوویی عێراقی تێدا بەدەست هێنرایەوە، بەڵام لە جیاتی ئەوە ئەلتەرناتیفەکە ئەوەبوو کە ببنە تەماشاکاری ئەوەی کە دواجار ئەو شارە بکەوێتە دەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ـەوە.

لە کاتێکدا کە بڕیاری سەربەخۆیی بژاردەیەکی عەقڵانییە بۆ کوردستان، بەڵام هەرگیز بێ مەترسیش نابێت. ڕەنگە لەبەرامبەر ئەو بژاردەیەدا هەر یەك لە ئێران و تورکیا کاردانەوەیەکی باشیان نەبێت لەبەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. بەڵام وا دیارە بەرهەڵستیی ئەنکەرە بۆ پەرەسەندنێکی لەم چەشنە هێندەی ڕابردوو توند نەبێت، چونکە پێوەندیی ئابووریی زۆر گەشەکردوو لە نێوان تورکیا و کوردستانی عێراقدا ماوە کە چەندین ساڵە لە ئارادایە. بە ڕەوچاوکردنی ئەوەی تورکیا ترسی هەیە لەو پشێویە ڕوو لە زیادەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەیە، ئەوا ڕەنگە کوردستانێکی سەربەخۆ بۆ بەرپرسانی تورك مایەی مەترسیەکی کەمتر بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زەمانەتی ئەوە نییە کە تورکیا لە ئاست ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن هەولێرەوە کاردانەوەیەکی کورتبینانە و ڕووبەڕووبوونەوەئامێز نەگرێتەبەر.

کەواتە پێویستە گەلی کورد و هەرێمی کوردستان (KRG) زۆر بە وریایی بژاردەکانیان لەبەرچاو بگرن، هەروەها نابێت نە کیری و نە هیچ بەرپرسێکی دیکەی ئەمریکا خۆیان بخزێننە نێو پرۆسەی بڕیاردانی سەربەخۆییەوە. ئەگەر سەیری تۆماری واشنتۆن بکەین لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا لە ڕووی مامەڵەکردنییەوە لەگەڵ دۆخە هاوشێوەکاندا دەبینین کە دژیەکی سەیری تێدا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە سەرکردەکانی ئەمریکا پێشوازیان لە لێکترازانی یەکێتیی سۆڤیەت کرد و بە پارچە پارچەبوونی یوگسلافیا ڕازی بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی ئەوە دەکرێ کە سیاسەت داڕێژەرانی ئەمریکا پێداگیریان کرد لەسەر ئەوەی دەوڵەتی بۆسنیا و هێرزۆگوڤینیا، کە لە بنەڕەتدا ناسەقامگیر بوو، بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەگەرچی زۆرینەی هاووڵاتیانی سربیا و کروات خوازیاری جیابوونەوە بوون. هەروەها واشنتۆن بە شێوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا قایل نەبوو سۆماڵی لاند لە وڵاتی ناکارای سۆماڵ جیابێتەوە، بەڵام بە تەواوەتی باوەشی بۆ جیابوونەوەی باشووری سودان لە وڵاتی سودان کردەوە.

بۆیە بە ڕەوچاوکردنی ئەم تۆمارەی ئەمریکا، بۆمان دەردەکەوێت کە واشنتۆن ستراتیژییەتێکی جێگیری لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ پرسی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتاندا نییە. کەواتە بەر لەم حاڵەتە، پێویستە ئیدارەی ئۆباما دوورەپەرێز بێت و هەوڵ نەدات ئاییندەی کوردستانی عێراق دیاری بکات. پێداگیری کردن لەسەر پاراستنی یەکێتیی عێراق (کە لە ئێستادا بە ڕاددەیەکی گەورە بۆتە یەکێتییەکی خەیاڵی) لە بەرژەوەندیی بنەڕەتیی ئەمریکادا نییە. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە گەلی کورد و حکومەتەکەی هەر بە دۆستی ئەمریکا بمێننەوە بە چاوپۆشین لەوەی چ ڕێگایەکی سیاسی دەگرێتەبەر. بۆیە پێویستە واشنتۆن خۆی لەم پرسە بەدوور بگرێت و ڕێگەیان پێبدات بەبێ دەستێوەردان، خۆیان ئەو بڕیارە چارەنووسساز و قورسە بدەن.

**پتر لە دە ساڵە هەرێمی کوردستان(KRG) خاوەنی حکومەتی سەربەخۆ و ئاڵا و هێزی بەرگری و دراو و سیاسەتی ئابووریی خۆیەتی**

**پێویستە گەلی کورد و هەرێمی کوردستان (KRG) زۆر بە وریایی بژاردەکانیان لەبەرچاو بگرن، هەروەها نابێت نە کیری و نە هیچ بەرپرسێکی دیکەی ئەمریکا خۆیان بخزێننە نێو پرۆسەی بڕیاردانی سەربەخۆییەوە**


---

*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**


B

# مانگێک بە قەبارەی ١٠٠ساڵ

## دوای ٩ی حوزەیران قۆناخی پێش نەخشەکەی سایکس پیکۆیە



**نزیکەی ١٠٠ساڵە وڵاتێك بەزۆر دروستكراوە ناوی عێراقە، بەدرێژایی نزیكەی ئەم ١٠٠ ساڵە، سیاسەتی نێودەوڵەتی چەند گۆڕانكاری بەرسەردا هاتبێت، چەند جەمسەرگیری جیاواز لەسەر ئاستی هێزە جیهانییەكان دروست بوویێت، ئەوا یەك هەڵوێست و یەك سیاسەت لەسەر ئاستی جیهان نەگۆڕ بووە، ئەویش داكۆكی كردن بووە لە پاراستنی یەكپارچەیی عێراق، بەڵام لە ٩ی حوزەیرانەوە كە چەكدارانی داعش كۆنترۆڵی موسڵیان كردووە، هەتا ٧ی تەمموز كە دەكاتە نزیكەی مانگێك شتێك لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نەما كە پێی بگوترێت یەكپارچەیی عێراق، لەمەش گرنگتر ئەوەیە هەموو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پێنج دەوڵەتە هەمیشەییەكەی ئەنجوومەنی ئاسایش و هاوپەیمانی ئەتڵەسی دەستەوەستانن لەوەی بتوانن بارودۆخەكە بگێڕنەوە بۆ پێش ٩ی حوزەیران و جارێكی دیكە باس لەیەكپارچەیی عێراق بكەن. هەر ئەمەش وایكردووە كە بڵێین گۆڕانكارییەكانی تەنیا یەك مانگ بە قەوارەی ئەو گۆڕانكارییەیە كە ماوەی ١٠٠ ساڵ درێژەی كێشاوە.**

**واقیعی لەبەریەكهەڵوەشاوەی عێراق هێدمەیەكە جیهانی تاساندووە**

باڵیۆز جیمس جیفری كە لە ساڵانی ٢٠١٠- ٢٠١٢ باڵیۆزی ئەمریكابووە لە بەغدا، لە موحازەرەیەكیدا كە رۆژی ١٥ی حوزەیران لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك پێشكەشی كرد، ئاماژە بەوە دەكات كە زانیارییە هەواڵگرییەكانی ئەمریكا لەسەر چەكدارانی داعش وەك زانیارییە هەواڵگرییەكانی پێش ٩ی حوزەیران نییە، راشكاوانەتر ئاماژە بەوە دەكات كە ئێستا دەزگا هەواڵگرییەكانی ئەمریكا دەزانن چەكدارانی داعش چی دەكەن و چۆن دەجووڵێن، ئەمەش بەو مانایە دێت دەزگای هەواڵگری ئەمریكا لە پێش ٩ی حوزەیران ئاگاداری جووڵە و پلانی چەكدارانی داعش نەبووە بۆ كۆنترۆڵكردنی موسڵ. لەمەش زیاتر هەفتەی رابردوو لە میانەی وتووێژێكی تایبەتی گوڵان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام كە ئێستا گەورە تۆژەری سەنتەری یونایتد ستەیتە بۆ ئاشتیی، ئەوەی بە گوڵان راگەیاند كە ئیدارەی ئۆباما بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری جوڵە و پلانی داعش نەبووە بۆ كۆنترۆڵی موسڵ.

سەبارەت بە حكومەتی عێراق و نوری مالیكیش، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی كوردستان رۆژی ٣ی تەمموز لە وتارەكەیدا لەبەردەمی پەرلەمانی كوردستان ئەوەی ئاشكرا كرد، كە پێش ٦مانگ نوری مالیكیی لە مەترسی داعش ئاگاداركردۆتەوە و چەند رۆژێكیش پێش داگیركردنی موسڵ دیسان سەرۆك بارزانی ئامادەباشی پیشانداوە بۆ ئەوەی پێشمەرگە بنێرێتە موسڵ بۆ ئەوەی بەرگری لە موسڵ بكەن، بەڵام ئەم دەستپێشخەریەش لەلایەن نوری مالیكیەوە رەتكراوەتەوە، ئەم رەتكردنەوەیەش مانای ئەوەیە كە حكومەتەكەی نوری مالیكی نەك هەر ئاگاداری جوڵە و پلانی داعش نەبووە، بەڵكو ئەمە مانای ئەوەیە لەدوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە ٢٠١١ لە عێراق، لەناو حكومەتەكەی مالیكی دەزگایەكی هەواڵگری پرۆفیشناڵ بوونی نییە، بۆ پشتڕاستكردنەوەی ئەم راستیەش پرۆفیسۆر تۆبی دۆج لە كتێبەكەیدا بە ناونیشانی (عێراق لەشەڕەوە بەرەو دیكتاتۆرێكی نوێ) راشكاوانە ئاماژەی بەوە كردووە، ئەو دەزگا هەواڵگرییەی ئەمریكیەكان بۆ عێراقیان دامەزراند و مەشق و راهێنانیان بەو كەسانە كرد بۆ ئەوەی ببنە پرۆفیشناڵ، دوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا، مالیكی ئەندامانی دەزگای هەواڵگری گۆڕی بۆ كەسە نزیكەكانی خۆی و ئەو دەزگا پرۆفیشناڵەی

لەبەریەکهەڵوەشان، هەر بۆیە نوری مالیکی هەرگیز مەزندەی نەکردووە، چەکدارانی داعش بتوانن موسڵ کۆنترۆڵ بکەن و پاشانیش تکریت و دیالەش کۆنترۆڵ بکەن.

دیارە لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی تورکیا و ئێرانیش کە دوو دەوڵەتن راستەوخۆ پێوەندییەکی گەورەیان لەگەڵ عێراق هەیە، بۆ ئەوانیش هەر جێگەی هێدمە بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەگەر تورکیا زانیاری هەبوایە ئەوا کونسڵگەرییەکە و خەڵکانی خۆی کە لەموسڵ بوون، پێش ٩ی حوزەیران دەگێڕایەوە بۆ تورکیا، سەبارەت بە ئێرانیش ئەگەر زانیاری هەبوایە، ئەوا زووتر هاوکاری مالیکی دەکرد، نەك دوای رووداوەکان. لەمەش زیاتر هەرێمی کوردستانیش کە لەهەمووان زیاتر زانیاری لابووە و بەغداشی ئاگادار کردۆتەوە، وەك سەرۆك بارزانی لە پەرلەمان رایگەیاند، هەرێمی کوردستان پێشبینی ئەوەی کردووە داعش گورزێك دەوەشێنێت، ئەو گورزەش هێرش کردن دەبێت بۆ سەر بەندیخانەی بادوش نەك داگیرکردنی موسڵ. ئەو لایەنانەی ئاماژەمان پێکردن، ئەوانە ئەو لایەنانەن کە زۆر لە نزیکەوە بایەخ بە رەوشی عێراق دەدەن و تەنانەت هەولێر و بەغدا خۆیان راستەوخۆ بەشێکن لەواقیعەکە، بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بۆ لایەنە پێوەندارەکان جێگەی سەرسوڕمان و هێدمە بووبێت، ئایا دەبێت بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان چۆن بووبێت؟

**رەوینەوەی تاسانی هێدمەکە و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە واقیعەکە**

بە گوێگرتنمان لەو کۆڕەی رۆژی ٢ی تەمموزی ٢٠١٤ ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك بۆ هەردوو بەڕێزان (د.فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و فەلاح مستەفا بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان)یان رێکخستبوو، هەروەها لەمیانەی ئەو پرسیارانەی لەلایەن رۆژنامەنووسان و تۆژەرانەوە ئاراستەیان دەکرا، راشکاوانە هەستمان دەکرد، هێشتا تاسانی ئەو هێدمەیەی گۆڕانکاریەکانی چەند هەفتەیەك لە عێراقدا دروستی کردووە، هێشتا بەتەواوەتی نەرەویتەوە و هێشتا خەڵکانێکی نزیك لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، بەتەواوەتی مەزندەی ئەو واقیعە نوێیە ناکەن، کە بەڕێز سەرۆك بارزانی لەمیانەی دیدارەکانی لەگەڵ (CNN،BBC،RUTERS،VOA) ئاماژەی پێکردووە، هەر بۆیە لە دەسپێکی کۆڕەکە د.فوئاد حوسێن بەمجۆرە باری ناوخۆیی عێراقی لەبەر رۆشنایی گۆڕانکارییەکان بۆ ئامادەبووان خستەڕوو:

(ئەو گۆڕانکاریانەی لەماوەی دوو سێ هەفتەی رابردوو لە عێراق روویانداوە، وامان لێدەکات هەموومان بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئەم واقیعە تازەیە شرۆڤە بکەین، هەروەها بیر بکەینەوە لە بارودۆخی ئێستاو ئاییندەی ئەم وڵاتە کە دیارە مەبەستم کوردستان و عێراقیشە، بۆیە کاتێك باسی پێش رووداوەکانی موسڵ و دوای رووداوەکانی موسڵ دەکەم، لەو خاڵەوە دەست پێدەکەم (ئایا رووداوەکانی موسڵ مانای چییە؟) دیارە مەبەستم ئەوەیە عێراق پێش رووداوەکانی ٩ی حوزەیران جیاوازە لەو عێراقەکەی ئێستا، دوای رووداوەکان عێراق بووە دەوڵەتێکی جیاواز لەو دەوڵەتەی کە پێش ٩ی حوزەیران بوونی هەبووە، ئەمەش لەبەر ئەم هۆکارانەیە:

١. پێش رووداوەکانی ٩ی حوزەیران، عێراق بەشێوەیەکی فەرمی یەك وڵات بوونی هەبوو کە ئەویش عێراق بوو. بەڵام ئێستا عێراق سێ وڵاتە کە سێ سیستمی جیاوازیان هەیە.

٢. پێش رووداوەکانی ٩ی حوزەیران تیرۆریستان گرووپ بوون و کاری خۆکوژی و تیرۆریستیان لە ناوچە جیاجیاکان ئەنجامدەدا، بەڵام ئێستا ئەو تیرۆریستانە دەوڵەتی ئیسلامیان راگەیاندووە، ئەم دەوڵەتە بەناو ئیسلامیە، دەوڵەتێکی ئینتەرناشناڵە و بڕوای بە سنورەکان نییە.

٣. پێش ٩ی حوزەیران عێراق خاوەنی سوپایەکی گەورەبوو، بەڵام دوای رووداوەکان لە ٨٠٪ی ئەم سوپایە لەبەریەکهەڵوەشاوە و ٦ یەکەی عێراقی کە چواریان سەر بە سوپان و دووانیان سەر بە پۆلیس، بەتەواوەتی لەبەریەکهەڵوەشاوەتەوە و هەموو ئەو چەکانەی هەیانبووە کەوتۆتە بەردەستی چەکدارانی داعش، کە ئێستا دەوڵەتی ئیسلامیان راگەیاندووە و ناوچەی سوننە نیشنەکانیشیان کۆنترۆڵ کردووە.

٤. نوێنەرانی هەڵبژێردراوی عەرەبی سوننە کە پێویستە نوێنەرایەتی کوتلەی سوننە بکەن لەناو پەرلەمانی عێراق، ئێستا زۆربەیان ناتوانن بچنەوە ناوچەکانی خۆیان.

٥. سەبارەت بە بەغدا، ئێستا بەغداش جیاوازە لە بەغداکەی پێش ٩ی حوزەیران، پێشتر لە بەغدا هێزی پۆلیس و سوپا هەبوو، بەڵام ئێستا هێزی میلیشیا لە بەغدا بوونی هەیە و بە ئاشکرا و بەچەکەوە دەسوڕێنەوە و بریتین لە(فەیلەقی بەدر، هێزەکانی عەسائیب ئەلحەق، جەیشی مەهدی).

٦. لە ناوچە جێگە ناکۆکەکانی ناو دەستووری عێراق، دوای ئەوەی سوپای عێراق لەو ناوچانە لەبەریەکهەڵوەشا، بۆشایی دروست بوو، ئەم بۆشاییە

**حکومەتەکەی نوری مالیکی نەک هەر ئاگاداری جوڵە و پلانی داعش نەبووە، بەڵکو ئەمە مانای ئەوەیە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ لە عێراق، لەناو حکومەتەکەی مالیکی دەزگایەکی هەواڵگری پرۆفیشناڵ بوونی نییە**

**پێش رووداوەکانی ٩ی حوزەیران تیرۆریستان گرووپ بوون و کاری خۆکوژی و تیرۆریستیان لە ناوچە جیاجیاکان ئەنجامدەدا، بەڵام ئێستا ئەو تیرۆریستانە دەوڵەتی ئیسلامیان راگەیاندووە، ئەم دەوڵەتە بەناو ئیسلامیە، دەوڵەتێکی ئینتەرناشناڵە و بڕوای بە سنورەکان نییە**




ڕۆژی ٢ی تەممووز بەڕێزان فوئاد حوسێن و فەلاح مستەفا بارودۆخی ناوخۆ و دەرەکی کوردستان پێشکەشی ئامۆژگای واشنتۆن دەکەن

**ئێستا دەوڵەتی کوردستان بە درێژایی ١٠٥٠ کم سنوری لەگەڵ ئەو دەوڵەتە تیرۆریستیە هەیە و تەنیا ١٥ کم سنوری لەگەڵ عێراق ماوە، ئەمەش واتا لە نێوان کوردستان و عێراقدا، ئێستا دەوڵەتێکی دیکە بوونی هەیە**

لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پڕکراونەتەوە.

کەواتە ئەم گۆڕانکاریانە ڕووبەڕووی ڕاستیەکی کردوینەتەوە، ئەو ڕاستیەش ئەوەیە ئێستا عێراق بۆتە ٣ وڵاتی جیاواز کە بریتین لە:

* دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی کە داعش لەناوچە سوننییەکان ڕایگەیاندووە، ئەم دەوڵەتە باوەڕی بە سنور نییە، بەپێی بەرنامە و پرۆگرامیان ئەم دەوڵەتە درێژ دەبێتەوە بۆ بەغدا و دیمەشق و بێروت و عەممان و کوێت و هەروەها لە بەرنامەشیاندایە بێنە کوردستانیش.

* دەوڵەتی دووهەمیان هەرێمی کوردستانە، کە وڵاتێکی سەقامگیر و ئارامە، هەوڵدەدات دیموکراتی بونیادبنێت، کۆمەڵگەیەکی فرە ئایین و فرە نەتەوە و فرەلایەنە، ئەمەش تەواو تەواو پێچەوانەی ئەو دەوڵەتەیە کە ناویان لێناوە دەوڵەتی ئیسلامی، ئێستا دەوڵەتی کوردستان بە درێژای ١٠٥٠ کم سنوری لەگەڵ ئەو دەوڵەتە تیرۆریستیە هەیە و تەنیا ١٥ کم سنوری لەگەڵ عێراق ماوە، ئەمەش واتا لە نێوان کوردستان و عێراقدا، ئێستا دەوڵەتێکی دیکە بوونی هەیە.

* لە ناوچەکانی دیکەش بەغداو باشوری عێراق ئەویش ئێستا دەوڵەتێکی دیکەیە، پێشتر لەبەغدا حکومەتێك هەبووە، بەڵام ئێستا ئەو حکومەتە ئیفلیج بووە و هیچی پێناکرێت.))

ئەم واقیعە تازەیەی عێراقی ئێستا، واقیعی ٣ دەوڵەتی جیاوازە، ئەم ٣ دەوڵەتە ٣ سیستمی جیاوازیان هەیە و هەر یەکەشیان پلان و بەرنامەی جیاوازیان هەیە، بۆیە دەبێت وەك سێ دەوڵەتی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، ئەگەر نا ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهانیش دەکەوێتە مەترسیەوە، ڕاشکاوانەتر لەم واقیعە تازەیەدا یەکپارچەیی عێراق دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهانیش، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم مەترسیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دووربخرێتەوە، دەبێت دوای ڕەوینەوەی تاسانی هێدمەی گۆڕانکارییەکە هەموو هەوڵێك بدرێت، بۆ ئەوەی پارچە پەرتبووەکانی عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆدا ڕێکبخرێنەوە.

**لەم واقیعە تازەیەدا یەکپارچەیی عێراق دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهانیش، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم مەترسیە لەسەر ئاشتی و ئاشایشی جیهان دووربخرێتەوە، دەبێت دوای ڕەوینەوەی تاسانی هێدمەی گۆڕانکارییەکە هەموو هەوڵێک بدرێت، بۆ ئەوەی پارچە پەرتبووەکانی عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆدا ڕێکبخرێنەوە**

## یەکپارچەیی عێراق
## بۆتە چەمکێکی بێ مانا

بەو پێیەی هیچ شتێك لە سیاسەتدا مەحاڵ نییە، ئەوا گرنگە گریمانەی ئەوە بکەین، هەموو سەرکردە عێراقییەکان و ئەمریکا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی یارمەتی حکومەتی عێراق بدەن بۆ دوو ئامانج:

١. بۆ نەهێشتنی ئەو دەوڵەتە ئیسلامیەی کە ئێستا داعش لەناوچە سوننییەکان ڕایگەیاندووە.

٢. بۆ ڕێکخستنەوەی پێکهاتەکان لەچوارچێوەی عێراقدا.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا چۆن یارمەتی حکومەتی عێراق دەدرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچە سوننییەکان کۆتایی بێت؟ ئایا ئەو بەشەی سوپای عێراق کە بە ٪٢٠ی سوپا ماوەتەوە، توانای ئەوەی هەیە هێرش بکات و ئەو ناوچانە لە داعش پاکبکاتەوە؟ لەمەش گرنگتر ئایا هاووڵاتیانی ناوچە سوننییەکان پێشوازی لە سوپای عێراق دەکەن وەك سوپایەکی نیشتمانی، یان وەك سوپایەکی مەزهەبی داگیرکار مامەڵەی لەگەڵ دەکەن؟ ئەگەر وەك



ڕۆژی ٣ی تەمموز سەرۆکی کوردستان پەرلەمان رادەسپێرێت ئامادەسازی بۆ راپرسی بکەن

سوپایەکی مەزهەبی داگیرکار سەیری بکەن، ئایا شەڕەکە ناگۆڕێت بۆ شەڕێکی خوێناوی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە؟ لەم حاڵەتەدا ئایا سوننە لەنێوان سوپای مالیکی و سوپای داعش کامیان هەڵدەبژێرێت؟ لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە ئایا ئەمریکا پێش هەموان ئەوجا دەوڵەتانی دیکە و پاشان دەوڵەتانی دراوسێ هیچکامیان ئامادەباشی ئەوەیان تێدایە هێز بنێرن و دەوڵەتی ئیسلامی کۆتایی پێبهێنن؟
سەرنج بدەن ئەم گریمانەیە دەیان و سەدان پرسیاری دیکە دەوروژێنێت، کە پرسەکە دەکاتە گرێیەکی ئاڵۆسکاوی ئەوتۆ کە هیچ کەس سەرەداوەکەی بۆ نەدۆزرێتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە:
١. هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە تەنیا هێزە بتوانێت لەبەرامبەر هێرشەکانی داعش رابووەستێت، ئێستا لە بەرەیەکدایە کە درێژییەکەی ١٠٥٠ کم، ئەم هێزە لەگەڵ ئەوەی خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزە و هەموو گەلی کوردستان پشتیوانی لێدەکات، بەڵام لەرووی چەك و پێداویستی لۆجستیەوە، تواناکانی سنوردارە، بەو هاوکاریەشی کە گەلی کوردستان بۆی کۆدەکاتەوە، تەنیا دەتوانێت سنورەکانی کوردستان بپارێزێت.
٢. گریمان هێزی پێشمەرگە ئەو توانایەشی هەبێت، ئایا سەرۆکی کوردستان فەرمان دەدات، ئەم هێزە لە سنوری کوردستان زیاتر بجوڵێت؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی هەموو هێرشکردنێك بۆ سەر ناوچە سوننییەکان، واتە تێوەگلان لەشەڕی مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە و کوردستانیش هیچ کاتێك بەشێك نەبووە لەو شەڕەو قەتیش نابێتە بەشێك لەو شەڕە.
٣. ئایا تورکیا ئامادەیە هێز بنێرێت بۆ هاوکاری نوری مالیکی بۆ ئەوەی هێرش بکات و ناوچەکانی موسڵ و تکریت و دیالەو ئەنبار و فەللوجە بگرێتەوە؟ بێگومان وەڵامی ئەم گریمانەش هەر نەخێرە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بێجگە لەوەی پێوەندی نێوان بەغداو ئەنکەرا لەو ئاستە نییە، لە هەمانکاتدا، تورکیا نایەوێت ببێتە لایەنێك لەشەڕی مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە.
٤. بەهێزترین گریمانە پاڵپشتی ئێرانە بۆ نوری مالیکی، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئێران تاچەند هاوکاری مالیکی و حکومەتی بەغدا دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەپێی بۆچوون و شرۆڤەی پسپۆرە سەربازییەکان بەوجۆرەیە کە هاوکاری سەربازی ئێرانیش بۆ نوری مالیکی سنوردارەو، سنوری پێداویستی سەربازی و بەرگری کردن لەبەغدا تێناپەڕێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە، تەنانەت ئێرانیش کە بە ئاشکرا پشتیوانی لە نوری مالیکی و حکومەتەکەی دەکات، تەنیا مەبەستی پاراستنی بەغدا و ناوچە شیعە نشینەکانە لە هێرشی داعش نەك ناردنی هێز بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە سوننییەکانی عێراق.
٥. ئایا ئەمریکا چۆن لەرووی سەربازییەوە هاوکاری عێراق دەکات؟ ئایا وەك ساڵی ٢٠٠٧ هێز دەنێرێت بۆ ئەوەی کۆتایی بە داعش و دەوڵەتی ئیسلامی بهێنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە رۆژی پێنج شەممەی رابردوو چاك هاگلی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەناو پێنتاگۆن بەراشکاوی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند کە ئەمریکا ٣٠٠٠ سەربازی لە عێراق هەیە بۆ پاراستنی باڵیۆزخانەکەی لە بەغداو هەروەها پارێزگاری ئەو ئەمریکیانەی لەعێراقدا بوونیان هەیە و سەربازی ئەمریکی خۆی تێکەڵی شەڕی نێوان مالیکی و داعش ناکات.

**بەهێزترین گریمانە پاڵپشتی ئێرانە بۆ نوری مالیکی، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئێران تاچەند هاوکاری مالیکی و حکومەتی بەغدا دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەپێی بۆچوون و شرۆڤەی پسپۆرە سەربازییەکان بەوجۆرەیە کە هاوکاری سەربازی ئێرانیش بۆ نوری مالیکی سنوردارەو، سنوری پێداویستی سەربازی و بەرگری کردن لەبەغدا تێناپەڕێنێت**

**ئایا باراك ئۆباما دەتوانێت كێشەی پێكهاتەكانی عێراق بە تەواوی تایبەتمەندی و جیاوازییەكانەوە ببینێت و مامەڵەی لەگەڵ بكات و بڕیاری بوێرانەی لەسەر بدات؟ بێگومان بۆ ئەو سیاسەتەی باراك ئۆباما هەتا ئێستا لەسوریا پیادەی كردووە، ئەوا ڕەشبین دەبین سەبارەت بەوەی بتوانێت، ئەو بڕیارە بدات كە واقیعی تازە وەك خۆی ڕێكبخاتەوە**

**گرنگە ڕێگە نەدرێت شەڕی بەناو شەڕی تیرۆر ببێتە شەڕی مەزهەبی نێوان سوننە و شیعە، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە ڕێگە نەدرێت پاشماوەی سوپای عێراق و میلیشیاكانی شیعە هێرش بكەنە سەر ناوچە سوننییەكان، لەم حاڵەتە سوننە ناچار دەبێت لەنێوان میلیشیاكانی شیعە و تیرۆریستانی داعش، تیرۆریستانی داعش هەڵبژێرێت**

**٦.** دەمێنێتەوە سوپای عێراق كە ئێستا ئەو سوپایە بوونی نەماوەو بۆتە ملیشیـــای (عەسـائیبی حەق و جەیشی مەهـــدی و فەیلەقی بەدر) لەگەڵ ئـــەو خەڵكانەی لەبەر ڕۆشـــنایی فەتواكـــەی ئایەتوڵڵا سیســـتانی خۆیان ناونووس دەكەن، ئایـــا ئەم هێزە دەتوانێت هێرش بكات؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە بەپێی بۆچوونی پسپۆرە سەربازییەكان بەوجۆرەیە كە پاشماوەی سوپای عێراق و هێزەكانی میلیشیا و هەروەها ئەوانەشی خۆیان ناونووس دەكەن، تەنیا توانـــای ئەوەیان هەیە بەرگری لە بەغدا بكەن، نەك هێرش بكەن، لەمەش خراپتر بۆ مالیكی و حكومەتەكـــەی ئەوەیە كە لەناو بازنەی مەرجەعیەتی باڵای شـــیعە لە كەربەلا پشـــتگیری لەوە ناكرێت كە ئەو هێـــزەی لەبەر ڕۆشـــنایی فەتواكـــەی ئایەتوڵڵا سیســـتانی خۆیان ناونووس دەكەن، نابێت بۆ هێرشكردنە سەر سوننە بەكاربهێنرێت، بۆ ئەمەش ئایەتوڵا مەحمود حوسنی ســـەرخی، فەتواكەی سیســـتانی ڕەتكردەوە، هەربۆیـــە بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشـــەممەی ڕابردوو هێزەكانی مالیكی بە هەلیكۆپتەر هەڵیان كوتایە ســـەر نووســـینگەكەی و دوای كوشـــتار و بریندارێكی زۆر ئایەتوڵا سەرخیان دەستگیر كرد.

ئەم واقیعە پێمـــان دەڵێت، كە هیچ زەمینییەك بۆ ئەوە نەبێت بە هێزی سەربازی كۆتایی بەو دەوڵەتە ئیسلامیە تیرۆریستیە بهێنرێت كە ئێستا لەناوچەكە بوونی هەیە، ئایا ڕێگە چـــارەی دیكە هەیە بۆ ئەوەی كۆتایی بەو دەوڵەتە بهێنرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای جۆرج بوشی سەرۆكی پێشـــووی ئەمریكا هەیە، بەڵام ئایا ئۆباما هەمـــان ئیرادەی هەیە بۆ ئەوەی بڕیاری هاوشـــێوەی جۆرج بوش بدات؟

### كێشەی داعش و دەوڵەتی ئیسلامی تەنیا بە عەرەبی سوننە چارەسەر دەبێت

سەبارەت بەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا باراك ئۆبامای ســـەرۆكی ئێســـتای ئەمریكا، ئەو ئیرادەو عەزمەی هەیە كە بتوانێت وەك جۆرج بوشی سەرۆكی پێشووی ئەمریكا بڕیار بدات، مەبەست ئەوەیە ئایا باراك ئۆباما دەتوانێت كێشـــەی پێكهاتەكانی عێـــراق بە تەواوی تایبەتمەندی و جیاوازییەكانـــەوە ببینێت و مامەڵەی لەگـــەڵ بكات و بڕیـــاری بوێرانەی لەســـەر بدات؟ بێگومان بۆ ئەو سیاســـەتەی باراك ئۆباما هەتا ئێستا لەســـوریا پیادەی كردووە، ئەوا ڕەشبین دەبین سەبارەت بـــەوەی بتوانێت، ئەو بڕیارە بدات كە واقیعی تازە وەك خۆی ڕێكبخاتەوە.

پرســـی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا مەبەست لەو بڕیارە بوێرانەیـــە ئەوەیـــە وەك جۆرج بوش بڕیـــار بدات هێز ڕەوانەی عێراق بكات؟ بێگومـــان بەپێی ڕێككەوتنی (SOFA) ئۆبامـــا ناتوانێت بڕیاری ناردنی هێز بدات، تەنانەت كۆنگرێســـیش ئاگاداری كردۆتەوە كە بەبێ ڕەزامەنـــدی كۆنگرێس هەتا ئەگـــەر ناچاریش بوو، ئـــەوا ئەو ناتوانێت هێز بنێرێت، لە لایەكی دیكەشـــەوە ئەگەر ســـەیری هاوسەنگی هێز لەنێوان هەردوو حزبی كۆمـــاری و دیموكراتیش بكەین، ئەوا مەزندە ناكرێت، ئۆباما بتوانێت بە هاوشـــێوەی لنكۆلن و ڕۆزفەلت بێ كۆنگرێس كاری لەوجۆرە بكات.

بۆیە لەم حاڵەتە گرنگترین هەنگاو ئەوەیە كە ســـەرۆك ئۆباما ڕاشكاوانە دان بەوەدا بنێت، ئەوەی بوش دروستی كرد، ئەو نەیتوانـــی بیپارێزێت، هەروەك ڕۆژی هەینی ڕابردوش CNN ئاماژەی پێكرد ئێســـتا كاتی ئەوەنییە، پرسیار لەسەر ئەوە بكرێت(كێ عێراقی دۆڕاند؟ بەڵكو كاتـــی ئەوەیە چـــۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئێســـتا دەكرێت؟)

دیارە مامەڵەكردن لەگەڵ واقیعی تازەش، واقیعی سێ دەوڵەتە بە ســـێ سیســـتمی جیاواز، ئەم سێ دەوڵەتە جیـــاوازەش نەك پێكـــەوە كۆناكرێنـــەوە، بەڵكو دەبێت زەمینەیەك دروســـتبكرێت، بۆ ئـــەوەی دوای كۆتایی هاتنی دەوڵەتی ئیســـلامی، بیر لەوە بكرێتەوە جۆرێك لە هاوكاری لەنێوان هەرســـێ دەوڵەتی كوردســـتان و سوننەســـتان و شیعەستان دروســـت بكرێت و كێشەی بەغدا بە دیالۆگ چارەسەر بكرێت.

بـــۆ ئەم بارودۆخە پســـپۆڕان و چاودێرانی سیاســـیی پێیانوایە:

١. پێش هەمووشـــت دەبێت ئەمری واقیعی تازە قبووڵ بكرێت و وەك ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ بكرێت.

٢. هەنگاوی یەكەم پتەوكردن و بەهێزكردنی سنورەكانی بەرگرییە لەگەڵ دەوڵەتی ئیســـلامی داعش، كە دیارە زیاتر لە ١٠٠٠ كم ســـنورەكە لەگەڵ كوردستانە، بۆیە گرنگـــە ئەمریكا لەڕووی لۆجســـتی و چەكی تازە و ئیمكانییەتی ماددیی یارمەتی حكومەتی كوردســـتان بدات، بۆ ئەوەی لە باكوورەوە سنورێك بۆ پێشڕەوییەكانی داعش دابنرێت، هەروەها یارمەتی شیعەكان بدرێت بۆ ئەوەی لە باشووریشـــەوە ســـنورێك بۆ پێشڕەوییەكانی داعش دابنرێت.

٣. دەبێـــت ئەمریكا پێش هـــەر وڵاتێكی دیكە ڕێگە نەدات پرۆســـەی دابەشـــكردنی داهات كە ئێستا ئەم پرۆسەیە ڕاوەستاوە، نابێت چیدیكە سەروەت و سامانی عێراق چەكێك بێت بەدەســـت مالیكیـــەوە بۆ بوونەوە بـــە دیكتاتۆر، بۆیە گرنگە پارەی فرۆشـــتنی نەوتی عێـــراق كە دەچێتە ســـندوقی پەرەپێدانـــی عێراق لە



نیویۆرك، پشكی كوردستان و ناوچەكانی سوننەی لێ جیابكرێتەوە، تەنیا پشكی شیعە بدرێتە مالیكی.

٤. بۆ ئەوەی گرفتی ئابووری و دارایی لە كوردستان دروست نەبێت، دەبێت ئیدارەی ئۆباما بە وردی دیراسەتی ئەوە بكات، كە ئێستا زیاتر لەیەك ملیۆن ئاوارەی ناوچەكانی تكریت و دیالەو موسڵ لە كوردستانن، هەروەها ناوچەكانی لە سەعدیەوە تا شەنگال كە ئێستا لەژێر ئیدارەی حكومەتی كوردستانن و بەغدا بودجەكەی بڕیبوون، ئەوا دەبێت هەم بەشە بودجەی ئەوان بدرێت، هەمیش هاوكاری حكومەتی كوردستان بكات بۆ ئەوەی بتوانێت بە باشی هاوكاری ئاوارەكان بكات.

٥. گرنگە ڕێگە نەدرێت شەڕی بەناو شەڕی تیرۆر ببێتە شەڕی مەزهەبی نێوان سوننە و شیعە، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە ڕێگە نەدرێت پاشماوەی سوپای عێراق و ملیشیاكانی شیعە هێرش بكەنە سەر ناوچە سوننییەكان، لەم حاڵەتە سوننە ناچار دەبێت لەنێوان ملیشیاكانی شیعە و تیرۆریستانی داعش، تیرۆریستانی داعش هەڵبژێرێت، ئەمەش نەك هەر مەترسیی دروست دەكات، بەڵكو كارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

٦. لەم بارودۆخەدا كە بەئەمری واقیع سێ دەوڵەت بوونی هەیە، گرنگە ئەمریكا ڕێز لە بڕیاری گەلی كوردستان بگرێت و دەوڵەتی سەربەخۆی ڕابگەیەنێت، هەروەها گرنگە دەوڵەتی شیعەستانیش ڕابگەیەنێت، ئەوجا بە هاوكاری دەوڵەتی كوردستان و دەوڵەتی شیعەستان هەوڵبدات سیاسەتمەدار و سەركردە سەربازییەكان و سەرۆك هۆزەكانی عەرەبی سوننە ڕێكبخاتەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش دەوڵەتی خۆیان لەدەستی داعش ڕزگار بكەن. سەرۆك بوش لە ساڵی ٢٠٠٧ بە كردەیی ئەمەی كرد و توانی لە چوارچێوەی ناردنی هێزی بەپەلە بۆ عێراق، سوننە هانبدات بۆ ئەوەی شەڕی تیرۆر بكەن، بەڵام ئێستا بارودۆخەكە گۆڕاوە و دەبێت عەرەبی سوننە بەهاوكاری كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆیان ڕێكبخەن و دەوڵەتی خۆیان ڕزگار بكەن.

٧. دوای ڕزگاركردنی دەوڵەتەكەی عەرەبی سوننە، دەكرێت ئەمریكا هاوكاری ئەم سێ دەوڵەتە تازەیە بێت، بۆ ئەوەی لە یەكێتییەك وەك یەكێتی ئەوروپا، یان وەك ئەوەی سندوقی ئاشتی جیهانی چەند ساڵێك پێش ئێستا پێشنیاری كردووە، یەكێتی دەوڵەتەكانی عێراق پێكبهێنرێت، یان دەكرێت لە ئەنجومەنێكدا وەك ئەنجومەنی دەوڵەتانی كەنداو هەماهەنگی و هاوكاری لەنێوانیاندا دروست بكرێت.



## محەمەد تۆفیق رەحیم

بەرپرسی ژووری دیپلۆماتی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ گوڵان:

# هەلێکی زۆر باش بۆ کورد هاتۆتە پێش دەبێت واز لە حزبایەتی بێنین و کاری جددی بۆ ئەنجامدانی راپرسی بکەین

**ئەنجامدانی راپرسی و زەمینە سازکردن بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، پرسی سەرەکیە لە سیاسەتی ئەمڕۆی کوردستاندا، سەبارەت بە هەستیاریی باردۆخەکە و ئامادەباشیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و تەواوی حزبە سیاسییەکان بۆ ریفراندۆم و راسپاردنی پەرلەمان لەلایەن سەرۆك بارزانیەوە بۆ ئەم پرسە، پێویستی بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەیە، سەبارەت بەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم بەرپرسی ژووری دیپلۆماتی بزووتنەوەی گۆڕان کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** سەبارەت بەم واقیعە تازەیەی هاتۆتە ئاراوە بەڕێزت چۆن ئەم باردۆخە دەخوێنیتەوە؟**

- ئەو رووداوانەی روویانداوە واقیعێکی تازەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زۆر باش لە رەوشەکە گەیشتووە و دەشزانێت حکومەتی ناوەند چۆن مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکات، بۆیە دەبێ خۆی بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بکات.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کرد ئامادەباشی بکرێت بۆ ریفراندۆم و راپرسی، چۆن بۆ کاتێکی دیاریکراو خۆمان بۆ ئەو پرسە چارەنووسسازە ئامادە بکەین؟**

- ئەوە دەبێ پەرلەمان دیاری بکات، چونکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پەرلەمان دانیشتووە داوای لە پەرلەمان کردووە کە هەماهەنگی بکات بۆ دیاریکردنی کاتێك بۆ راپرسی، لە مەسەلە تەکنیکییەکانی ئەم راپرسییە دەبێ لایەنەکانی دەسەڵات دیاری بکرێت.

*** کورد خۆی ئامادە دەکات بۆ راپرسیی و سەربەخۆیی، ئێوە وەك بزووتنەوەی گۆڕان تا چەند لەگەڵ تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکان و سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەم مەسەلەیە خۆتان ئامادە کردووە؟**

- ئێمە پێمانوایە هەلێکی باش هاتۆتە پێشەوە نابێ لەدەست بچێت، بۆیە دەبێ ئەمە هەر بە راگەیاندن نەبێت، بەڵکو دەبێ کاری جددی بۆ بکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو راپرسییە لە کوردستاندا. دەبێ کورد واز لەهەموو شتێ بێنێت و خۆی بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بکات و کاری تەواو و جددی بۆ بکات بۆ ئەوەی دەرفەتەکە لەدەست نەدات و بگاتە ئامانجی خۆی.

*** لە ئێستادا چی پێویستە کە بەکردنی ئامادەباشیی بۆ بکەین؟**

- هەروەکو گوتم هەموو ئامادەکارییەك بکەین بۆ ئەو ئەگەرانەی لە ئارادان، بۆ ئەوەی کورد نەکەوێتە هەڵوێستی بەرگری کردنەوە بەبێ ئەوەی خۆی ئامادە کردبێت، بەڵکو دەبێ کاری وا بکات دەستپێشخەرییەکانی لەدەستدا بمێنێت. ئێمە لەگەڵ هەموو یەکڕیزیی نیشتمانین لەم بارەیەوە، پێمانوایە ئەمە هەلومەرجێکی نوێیە هاتۆتە ئاراوەو نابێ لەدەست بچێت.

*** چۆن دەتوانین ئەو هەلومەرجانەی ئێستا لەدەست نەدەین جیاواز لەو هەلومەرجانەی پێشتر بۆ کورد رەخسابوو؟**

- هەلومەرج پێشتر بۆ کورد رەخسابوو، بەڵام لەدەست چوو، چونکە کاری حزبایەتی زاڵ بوو بەسەر کاری نیشتمانی و نەتەوەییدا. ئێستا باردۆخەکە گۆڕاوە ئەو ناوچانە پێشتر دابڕێنراوبوون، ئێستا لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی کوردستان دان و کارێکی باشە کە پێشمەرگە چۆتە ئەم ناوچانەو کۆنترۆڵیان کردووەو گیان و ماڵی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان لە هێرشی هەموو لایەك پاراستووە. بۆیە زۆر گرنگە هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بمێنێتەوەو بەرگری بکات.



## فەخرەدین قادر

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# هاتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان هەڵسەنگاندنێکی بەرزە بۆ ئەکتیڤکردنی

**دوای سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ پەرلەمان، ئیدی پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی ئەوەیە زەمینیەکی یاسایی برەخسێنێت بۆ دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن و کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن لە کوردستان، سەبارەت بە خۆ ئامادەکردنی پەرلەمان بۆ ئەم ئەرکە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی فەخرەدین قادر سکرتێری پەرلەمانی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** سەردانەکەی رۆژی پێنج شەممەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان چۆن دەبینن؟**

- دیارە زۆر گرنگە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هەرسێ دەسەڵاتەکەی سەرۆکایەتیی هەرێمدا هەبێت، کە ئەم سێ دەسەڵاتە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانن، ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان خاڵێکی ئیجابی و باشە چونکە ئەو جەختی لەوە کردەوە کە دەبێ پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی سەرەکیی هەرێمی کوردستان بێت، پێیوایە ئەمە شتێکی نوێیە کە جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەمە دووپات دەکاتەوەو هەڵسەنگاندنێکی بەرزیشە بۆ ئەکتیڤکردنی پەرلەمانی کوردستان.

*** لە وتارەکەی جەنابی سەرۆکدا داوای کرد کە لیژنەیەك پێکبێت بۆ ئامادەکاریی کردن بۆ ئەنجامدانی راپرسی، ئەمە کەی دەکرێت، ئایا ئامادەکارییەکانی ئەوە چۆنە؟**

- پێشتر لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەممان بۆ پرۆژە یاسای دەستەی راپرسی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان کردووەو، لە ستراتیژی گرێدانی خولی دووەمی پەرلەماندا کە خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکەین یان بیخەینە دەنگدانەوەو پەسند بکرێت، بۆیە پێمانوایە کە سەرەتای ئەم ئیشانە دەبێ بە رێکاری یاسایی دەست پێبکات، یەکەم دەبێ ئەم یاسایە پەسند بکەین، هەروەها یاسایەکی دیکەش کە هەر دوێنێ لەلایەن فراکسیۆنەکانی پەرلەمانەوە پێشکەشکرا، پاشان لیژنەیەکی دەستووری و یاسایی پێك بهێنرێت بۆ ئەوەی رێکارە یاساییەکانی ماددەی ١٤٠ و گەڕاندنەوەی هەر پارێزگا یان قەزا یان ناحییەك چۆنە بگیرێتەبەر.

*** ئێوە کەی ئەمە دەکەن؟**

- لە کۆبوونەوەکانی داهاتووماندا سەرەتا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکەی دیکە دەکەین کە لە پەرلەمان پێشکەشکراوە، دوای خوێندنەوەی هەردوو یاسا، ئینجا بە یاسا دەستەی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستاندا پێکدێنین.

*** پێکهێنانی ئەم دەستەیە بۆ دۆخی ئەمڕۆی کوردستان تا چەند گرنگە کە ئێستا لەبەردەم پرسێکی گرنگی وەك راپرسی و ریفرانۆمداین؟**


- ئەگەر ئەم یاسایە پەسند بکرێت بۆ راپرسییەکەی ئەم جارە گرنگە، بەڵام دەبێ بزانین کە لە پەرلەمانی کوردستان زۆر جار باسی ئەوە کراوە کە ئێمە ئەزموونێکی باشمان هەبووە لە دوای رووخانی رژێم، ئێمە خاوەن حکومەت بووین، بەڵام حکومەتی ناوەند لە ساڵی ٢٠٠٣ پێکهاتووە، بۆیە پێویستە کوردستان خاوەنی دەستەیەکی راپرسی و هەڵبژاردن بێت بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان زۆر گرنگە تەنانەت ئەم دەستەیە بۆ ئەنجامدانی راپرسیی جێگە ناکۆکی لەسەرەکان زۆر گرنگ و پێویستە.

*** وردەکاریی پێکهێنانی ئەو لیژنە یان ئەو دەستەیەی پێکدەهێنرێت چۆنە؟**

- دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکان دەکرێت لە پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی پسپۆر رادەسپێردرێ بۆ ئەوەی راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن، لەوانە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ کە تێبینی خۆیان لەسەر پرۆژەکان دەنووسن و پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەن، ئەویش دەیخاتە بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستانەوە و دواتر گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، هەروەك چۆن ئێستا هەمواری یاسای رێکخستنی خۆپیشاندانمان هەیە، پێشتر خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو لیژنە تایبەتییەکان راپۆرتی خۆیان پێداوە، ئەمەش بە هەمان شێوە دەخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە.

*** هیچ وادەیەك دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو راپرسی و ریفراندۆمە؟**

- نەخێر هیچ وادەیەك دیاری نەکراوەو هێشتا زووە باسی ئەمە بکەین، جارێ پێش هەموو شتێك دەبێ رێکارە یاساییەکان بگرینەبەر، هەروەها دەبێ ئاگاداریی پەرەپێدانی بارودۆخەکە بکەین، سەبارەت بە حکومەتی ناوەند و ئایا هەڵدەوەشێتەوەو چارەنووسی ئەو حکومەتە بە چی دەگات.



## محەمەد رەئوف

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:

# داوامان کردووە ئەنجومەنێکی یاسایی سیاسی بۆ حزبە سیاسییەکان دابمەزرێت بۆ ئەوەی لە حزبایەتیکردنەوە بەرەو حکومڕانی و دەوڵەتداری بچین

ئەوەی لەم بارودۆخە هەستیار و ناسکەدا بۆتە جێگەی ئومێدی خەڵکی کوردستان، ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کورستانە، هەر ئەمەش وایکردووە بە هیواوە سەیری ئایینده بکات، ئەوەی کە جێگەی مەترسی و نیگەرانیشە ئەوەیە خوانەخواستە ئەم یەکڕیزی و یەك هەڵوێستیە درزی تێبکەوێت، لەم قۆناخەدا واقیعی نوێ هەنگاوەکانی بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ خێراتر کردووە، دوای ئەوەی سەرۆکی کوردستان چووە پەرلەمان، وا بڕیارە لەم هەفتەیەوە پەرلەمان هەنگاوی کردەیی هەڵگرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی زەمینە بۆ راپرسی لە کوردستان ئەنجامبدات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە هەستیارە و دەرەفەت و مەترسیەکان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێز محەمەد رەئوف سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوویی ئیسلامی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** کـــۆی ئەم ڕووداوانەی کە لـــەم دواییەدا لە عێراق ڕوویانداوە، وا دەخوازێت سەرجەم پارت و هێزە سیاسییە کوردستانیەکان بە وریایی و زیرەکانەو یەکڕیزیەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخە هەڵایساوەکەیدا بکەن، چونکە واقیعێکی نوێی ســـەپاندووە بەســـەر هەرێمی کوردستانیشـــدا، تێڕوانینـــی بەڕێزتـــان وەك سیاســـەتمەدارێکی کورد ســـەبارەت بەم دۆخە نوێیەی عێراق و ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت چییە؟**

- بـــە ناوی خوای بەخشـــندەو میهرەبان، ئەم دۆخەی هاتۆتە پێش دوو ڕەهەنـــدی هەیە، کە دەکرێت لە دوو گۆشـــەنیگاوە بیخوێنینەوە، ڕەهەندێکیان ئەوەیە ئەمە دەرفەتێکە بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە، چەندە دەرفەتە بۆ ئێمە، بەهەمان شێوە دەرفەتیشە بۆ سوننە و بۆ شیعەش هەر دەرفەتە، لەبەر ئەوەی لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو نەتوانرا عێراقێکی نوێ بونیاد بنرێتەوە، ئەم گۆڕانکارییە دەرفەتێکی نوێیە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە، هەر بۆیە سەبارەت بە کورد هەندێك لەو دەسکەوتانەی کە دەبوایە پێشـــتر بەدەستی بهێنایە ئێستا لە سەر زەمینەی واقیع بەشێکی دەست کەوتووە، سەبارەت بە سوننە قەناعەتی بە هەرێمی سوننی نەبوو، ئێستا بە قەناعەتێکی باشەوە بڕوای پێ هەیە، ســـەبارەت بە شـــیعە لە عێراقێکی پینەکراوی هەشتا ساڵیدا ئەزموونی حوکمڕانی نەبوو، بەڵام ئێســـتا بۆیە دەرکەوتووە کە دەبێت سەرلەنوێ بیر بکاتەوە لەوەی چۆن خۆی ڕێکبخاتەوە بۆ حوکمڕانیەکی دیکە لە عێراقدا. ئینجا ڕەهەندی دووەم دێتە پێشـــەوە کە هەموو دەرفەتێك شـــتێکی لە پاڵدایە پێی دەوترێت

**راپرسی ریفراندۆم بۆ پاش کۆنفیدرالیەت، چۆن و بە چ شێوازێک بکرێت بە پێی ئاماژەکان نە هەرێمیی و نە نێودەوڵەتی بە تەواوی دژ نین و لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا رەزامەندن بەڵام تەنیا کێشە لەسەر کاتە**

**چەندێک دەرفەتەکەی ئێستا مێژووییەو چەندێکیش مەترسیەکان لە واقیعدا هەن، لە هەردووکیان گرنگتر یەکڕایی و یەکهەڵوێستی و یەکدەنگیی رای گشتییە بە حزبە کوردستانیەکانیشەوە**

**لەناو خۆماندا هەن کار بۆ ئەوە دەکەن مەترسیەکان بخەنەوە ناو کوردستان، نەک بۆ دەرەوەی کوردستان، ئەرکی ئەخلاقی و مرۆڤانەو نیشتمانیانەی تاک بە تاکی کوردە لە هەر ئاستێکدا هەیەن نەهێڵێت ٪١ی مەترسیەکان داخڵی ئەم دەرفەتە مێژووییە هەستەوەرەی کوردستان بێت**

هەڕەشەکان، بۆ هەر یەکێك لەم سیانە کۆمەڵێك هەڕەشە لــە ئارادایە، من لێرەدا باســی کــورد دەکەم، چونکە دەرفەتەکان بۆ هەرســێ لایەنی سەرەکی عێراق روون و ئاشکرایە، شەقام و سەرکردایەتی کوردو دەزگاکانی تری وەك پەرلەمان و حکومەت و ســەرۆکایەتی هەرێم و ســەرکردایەتی سیاســی پارتەکان دەبێت لەم کاتەدا چــی بکەن، ســەرەتا دەبێ بزانن چۆن مەترســیەکان بەڕێوە دەبەن بۆ ئەوەی دەرفەتەکە بە باشــترین شێواز سوودی لێ وەربگرین و لە دەست دەرنەچێت. بێگومان قسە لەســەر زەمەنەکە هەیە ئایا لە کورتترین زەمەندا ئێمــە وەبەرهەمبهێنین یان درێژە بکرێتــەوە، ئەوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی حزبە کوردستانیەکان بەجێدەهێڵین کە پێویســتە لە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆی ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان جێبهێڵین و قسەی خۆی دەکات و گوێ لە ئەندامانی پەرلەمانیش دەگرێت، حەتمەن دوای ئەوەش سەرکردایەتی سیاســی کە بەرجەستە دەبێتەوە لە ســەرکردایەتی حزبەکاندا بۆ ئەوەی پێکەوە بڕیارێك بدەن و پێکەوە پێش بڕیارەکە دیراسەتی بکەن. مەبدەئی گشتی لەم بابەتەدا جێنەهێشــتنی ئەو شوێنانەیە کە لە لایەن پێشــمەرگەوە کۆنترۆڵ کراوەو لەلایەن سوپای عێراقیــەوە چۆڵ کــراوە، هەموو پارتە سیاســییەکان لەســەر ئەم مەبدەئە رەزامەندیــن، هەروەها دەرفەتەکە لە کیس نەدەین ئەوەش هەمووان لەســەری رەزامەندین، ریفراندۆمیــش هەمووان لەســەری رەزامەندین بەڵام ریفراندۆم بۆ هەموو کوردستان بێت، یان لەو شوێنانەی پێشتر دەناسران بە جێ ناکۆکەکان یان لەو کوردستانەی هێناومانەتەوەو ئێستا پێشمەرگەی تێدایە، ئەمەیان جێی قسەیە، ئەی لە چ زەمەنێکدا ریفراندۆم بکەین، ئایا لە شەش مانگی ئایندە یان لە ساڵێکدا یان لە دوو ساڵدا بەرنامەی ســتراتیژی بۆ دابنێین، ئەمەشیان لە دەزگا فەرمیەکان و دەزگاکانی کە پارتەکانی تێدا کۆدەبێتەوە.

لەم واقیعە نوێیەدا دەکرێت ٣ سیناریۆ ببینین:

یەکەمیان: عێراقێکی نوێ کە بریتی بێت لە فیدراڵیەتی راســتەقینە نە ئەم فیدراڵیەتەی هەشت ساڵە گەمەی پێ دەکرێت و ئەســڵ و بناغەی دیار نییە. ئەمەش لە سێ هەرێمی ســەربەخۆ بەرجەستە دەبێت کە سنووری هەر ســێ هەرێمەکە دیار بکرێت، لە نێوانیاندا حاڵەتی بەغداش دەربکەوێت.

دووەمیــان: پەرەســەندنی دوای ئەمەیە کە بریتییە لە کۆنفیدرالیــەت، ئەمــەش دەبێت نەخشــە ڕێگەکەی دیراســەت بکرێت بــەوەی لە چ زەمەنێــك و بە چ میکانیزمێك بکرێت.

ســێهەمیان: راپرسی ریفراندۆم بۆ پاش کۆنفیدراڵیەت، چۆن و بە چ شــێوازێك بکرێت بەپێــی ئاماژەکان نە هەرێمیــی و نە نێودەوڵەتی بە تەواوی دژ نییە لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا، رەزامەندە بەڵام تەنیا کێشــە لەســەر کاتە.

دەبێت ئەمە بکەینە نەخشە ڕێگاو لە سەری ڕێك بکەوین، وا چاوەڕوان دەکرێت بەم هەنگاوانەی ســەرۆکی هەرێم کــە هەڵیهێناون و بەو ئامانجانەی کە ســەرکردایەتی سیاســی حزبە کوردســتانیەکان هەیانە، لە هەفتەی داهاتووەوە ئەم هەنگاوانە دەست پێبکەن..

*** لە ئێســتادا ســوپاس بۆ خوا جۆرێك لە یەکڕیزی لە نێوان لایەنە سیاســییەکاندا هەیە، چ میکانیزمێك بدۆزینــەوە بۆ ئــەوەی یەکهەڵوێســتی و یەکڕیزیی بەردەوامی هەبێت؟**

- یەکەمیــن کار کە دەتوانین بڵێین چەندێك دەرفەتەکە مێژووییەو چەندێکیش مەترســیەکان لە واقیعدا هەن، لە هەردووکیان گرنگتر یەکڕایی و یەکهەڵوێســتی و یەکدەنگیی رای گشتییە بە حزبە کوردستانیەکانیشەوە، لەم دۆخە چارەنووسسازو چرکەساتە هەستەوەرەدا ئەگەر حــزب بمێنێت بــۆ بڕیاردان هیچ ناکرێــت، حزب لەم کاتــەدا بە مانای چی، بە مانــای تاکڕەوێتی کەس لە سیاســەتی عێراقی و هەرێمــی و نێودەوڵەتی، لە هەرســێ رەهەندەکەو لە بەڕێوەبردنــی پێوەندییەکانی سیاســی ناوخۆی کوردستان، لە ئیدارەی پێوەندییەکان لەگەڵ بەغداو پێکهاتەکانی بەغدا کە شیعەو سوننەیە، هەروەها هەرێمی و نێودەوڵەتی نابێت کەس یان حزب بە تاکڕەوانە بڕیاربدات و ئەوانی تر بخاتە پەراوێزەوە، ئەگەر ئەمەبوو دەرفەتەکان نامێنن و هەڕەشــەو مەترسیەکان دێنەوە بۆ ناو کوردســتان، ئێستا هەڕەشەکان لە دەرەوەن و لای ئێمە نین، بەڵام دوایی دێتەوە بۆ ئێرە. لەبەرئەوە پێویستە هەموو حسابەکان هیچیان نەڕژێنە بەرژەوەندی حزبەوە بەڵکو بڕژێتە بەرژەوەندی حســابی نیشتمان و ئاییندەی ئێمەش نا، بەڵکو هی منداڵەکانیشــمانەوە لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەوە.

ئێمە بۆ ئەم پرسە ئاماژەمان بە میکانیزمێك کردووە لە بەلاغی کۆتایی مەکتەبی سیاســیمان، پێمان باشەو لە یەکەمین کۆبوونەوەی حزبە کوردســتانیەکاندا داوامان کردووە ئەنجومەنێکی یاســایی سیاسی دابمەزرێت تا بچێتە چوارچێوەیەکی یاســایی بە شێوازێکی فەرمی دەزگاییکراوانەی حکومیی وەربگرێت، واتا ئەندامەکانی بە یاسایی دابمەزرێن و خەسڵەتی یاسایی بوون وەربگرن، بۆ نموونە ســەرۆکی ئەو دەسگایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت بە ئیعتوباری پێگەکەی رەنگە بڕواتە فەرەنساو کۆبوونەوەی هەبێت بۆ دۆزی عێراق یان هی

کوردستان یان بۆ ریفراندۆم، ئەگەر لەم حاڵەتە مامۆستا محەمەد رەئوف لەگەڵ شاندەکە بوو، لەویَ دەیناسێنێت و دەڵێت ئەمە ئەندامی ئەو ئەنجومەنەیە بە شێوەیەکی یاسایی، ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە لە شاندەکاندا سروشـــتی دەبێت ئەگەر شاندێکی بەریتانی هاتە ئێرە، ئەوا ســـەرۆکی ئەنجومەنەکە یەکدوو سەرۆك حزبیشی لەگەڵ بێت، وەك ئەندامی ئەنجومەن دەیانناسێنێت نەك سەرۆك حزب، ئەمەش لەو حزبایەتیە دوورمان دەخاتەوە و دەمانباتە ناو ئەرك و بەرپرســـیارێتیەکی تر کە پێی دەوترێت حوکمڕانی و دەوڵەتداری، ئێمە ئەو پێشنیارەمان بۆ ئەوە کردووە تا دیراســـەت بکرێت، ئەم داوایەمان لە رێی راگەیاندنەوە دەچێتە بەردەم رای گشتی و بەردەم سەرۆکی حزبەکانیش، ئومێد دەکەین نیەتی ئێمە جوان بخوێننەوەو دیراسەتەکە بە وردی و دیقەتەوە بکرێت.

*** رێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان دەیەوێت لەگەڵ پەرلەمان دابنیشـــێت تا رۆژێك بۆ راپرســـی لەسەر چارەنووسی کوردســـتان دیاری بکەن، تا چەند گرنگە هەموو خەڵکی کوردستان پشتگیری سەرۆکی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی چارەنووسی کوردستان دیاری بکرێت؟**

- ئـــەو دیالۆگەی کە ئێســـتا لە پەرلەمان دەســـتی پێکـــردووەو پێش ئـــەو دیالۆگەش ئەو باســـانەی کە چەند کاتێکە بە گەرمی باسوخواســـی لەسەر دەکرێت، هەنگاوی یەکەمی جێبەجێکردنی تەواو کردووە، راپرسی ســـاڵی ٢٠٠٣ شتێکی باش بوو کردمان، هەر ئەو کاتە زۆرینەی زۆری خەڵکی کوردســـتان بەڵێی بۆکردووە، ئەگەر بەدواداچوون بۆ رووداوەکانی دنیا بکەیت بەلای کەم ســـاڵانە لە چەندین دەوڵەتدا چەندین جار دەکرێت، بـــۆ تێکەڵبوون یان بۆ جیابوونەوەی نەتەوەکان لەوانیتر، ئەمە مافێکی یاســـایی و دابێکـــی نێودەوڵەتییەو لە هەموو دنیادا پێڕەو دەکرێـــت و نابێت گەورە بکرێتەوە لێمـــان، لـــە پەیماننامەی نێودەوڵەتی سیاســـیدا و لە بڕگـــەی یەکەمدا چەسپێنراویشـــە، ئەمـــە عورفێکە چونکە ئێمەش نەتەوەیەك و خاکێکی جیاوازمان هەیەو نەتەوەیەکی سەربەخۆمان هەیەو بەشێك لە مێژووشمان تێکەڵە لەگەڵ دراوسێکانماندا، زۆر سروشتیە راپرسی لەسەر چارەنووسی خۆمان ئەنجام بدەین.

ئێســـتاش نابیَ دنیـــا وا لێمان تێبگات بـــە پەلە پەل ریفرانـــدۆم دەکەین، ئێمـــە تەنیـــا دەمانەوێت پێڕەوی حەقێکی سروشتی خۆمان بکەین وەك میللەتێك، ئینجا لە ســـاڵێکدا دوو ریفراندۆمیش بکەیت بۆ هەر دۆزێك شـــتێکی سروشتیە و کوردیش نیەتی ئەوەی نییە هیچ جۆرە گرفتێکی سیاســـی بۆ هیچ دەوڵەتێکی دراوسیَ بنێتەوە، بەڵام ریفراندۆم مافێکی سروشتیەو نابێت رێی لیَ زەوت بکرێت.

*** تاچەنـــد بە میللی کردنی پرســـی ســـەربەخۆیی کوردستان گرنگە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەم پرسە چۆن بکرێتە پرســـی رۆژو لەهەموو بۆنەکاندا بناسێنرێت، بە تایبەتـــی لە وتاری رۆژی هەینی و کۆڕ و کۆبوونەوە جەماوەرییەکانـــدا، بۆ ئەوەی ئەم پرســـە ببێتە ئەمری واقیع و زیاتر خۆی بۆ ئامادەبکرێت؟**

- ئاماژەم بە ئاسایی کردنەوە واتا تەتبیع کرد واتا کیَ لە ناو میللەتدا گوێی لـــیَ دەگیرێت، دەبێت بیکەیتە دۆزی ئەویـــش، بەقەبارەی ئـــەوەی دەبێتە دۆزێك بۆ ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان و ســـەرۆکی حزبەکان، دەبێت بە قەبـــارەی ئەوەش ببێتە دۆز بۆ خوتبەخوێنێك و بۆ بانگخوازێك لەسەر شاشەی تیڤی ئێمەو کۆمەڵ و بۆ نووســـەر و رۆشـــنبیرێکی گەورەو بۆ ســـەرجەم توێژەکانی تـــری کۆمەڵگەش، چونکە ئەمە باســـی ئایندەی چارەنووسی تاك بە تاکی ئەم کۆمەڵگەیەیە باســـی ئەوە نییە کەســـێکی یان حزبێکی پیَ گەورە بکەیـــت و یەکێکی پیَ بچووکبکەیتەوە، ئەمە دۆزێکە بۆ دیاریکردنی چارەنووس ئەگەر ٥ ملیۆن کەســـین و یـــەك ملیۆنی خاوەنی قســـەیەو گوێی لیَ دەگیرێت، پێویستە بکرێتە شەریك لەم دۆزەدا قسەو رای هەبێت، بە یەك بەڵیَ و وشـــەش بێت پێویســـتە شەریکایەتی بکات، ئەگەر وامـــان کرد، دەتوانم بڵێم رێژەیەکی زۆر لە سوننەو شـــیعەو دەوڵەتانی هەرێمایەتی و جیهانیش چاوەڕوانـــی ئەم هەڵوێســـتەی کـــوردن بزانن چۆنە، بزانـــن ئەزموونەکانی کۆنی کورد دوپـــات دەکەینەوە کە هەمیشـــە دابەش بوون بەســـەر فـــارس و رۆمدا، بەســـەر میرنشینی ســـۆران و بادینان و حزبی فلان و فیســـاردا، ئایا ئەزموونەکانـــی کوردەکانی تورکیای جاران لە کۆتاییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دوپات دەکەینەوە کە راڕایی وایلێکردن یەکێك لە ســـەرەکیترین کێشـــەکانمان بگاتە بنبەســـت، ئەگەر ئێمە پەلی هەر یەکێکمان بە دەستی ئیزرائیلێکەوە بێت هیچ کارێکمان لەبەر ناڕوات و کەســـیش بەڵێمان بۆ نادات، هەر لەناو خۆماندا هەن کار بۆ ئەوە دەکەن مەترســـیەکان بخاتەوە ناو کوردســـتان، نەك بۆ دەرەوەی کوردســـتان. ئەرکی ئەخلاقی و مرۆڤانەو نیشتمانیانەی تاك بە تاکی کوردە لە هەر ئاســـتێکدا هەیەن نەهێڵێت ١٪ی مەترسیەکان داخڵی ئەم دەرفەتە مێژووییە هەســـتەوەری کوردستان بێت کە ئێستا لەبەردەستماندایە.

*** لەم بارودۆخەدا خەریکە دەگەینە ئەوەی کە شەڕێکی خوێناوی تائیفی لە نێوان عەرەبی شیعەو سوننە دروست**

**مێژوو شاهیدە هەموو شەڕێک سەرەتاو کۆتایی هەیە، بەڵام شەڕی تایەفەگەری و ئایینی سەرەتای هەیەو کۆتایی نییە، کۆتایی شەڕی تایەفەگەری بە نەهێشتنی یەکێک لە جەمسەرەکان تەواو بووە**

**زوو بە سوننەکانمان وت هەرێمێک بۆ خۆتان جودا بکەنەوە ئەگینا بەشەڕێکەوە تووش دەبن، پێشتریش بە شیعەمان وت کێشەی سوننە چارەسەر بکەن ئەگینا شەڕی موقەدەساتی ئێوەو سوننە کۆتایی پێ نایەت**

**دەتوانین ریفراندۆم پێش بخەین لەو ناوچە کوردستانیلنەی کە هێشتا ٢٥٪ی ماوە بگەڕێنرێنەوە، کە ئەوە چەسپێنراو خەڵکەکە دەنگی پێدا، ئەو کاتە لە بڕگەی یەکەم و دووەمدا هەرچی نەکراوە ئەویش تەواو بکەین، ئەو کاتە دەڵێین دەستوورمان جێبەجێ کرد نەک ئیرادەی خۆمان بسەپێنین بەسەر ئیرادەی بەغدا لە دەرەوەی دەستوور**

**بێت، هەروەها خەریکە لەناو شیعەشدا دژی فەتواکەی سیستانی رادەوەستنەوە، پرسیار ئەوەیە چۆن کورد خۆی لەم ئاژاوەیە بپارێزێت؟ ئایا دوای ئەم کارەساتانە شتێك ماوە ناوی عێراق بێت؟**

- مێژوو شاهیدە هەموو شەڕێك سەرەتاو کۆتاییشی هەیە، بەڵام شەڕی تایەفەگەری و ئایینی سەرەتای هەیەو کۆتایی نییە، کۆتایی شەڕی تایەفەگەری بە نەهێشتنی یەکێك لە جەمسەرەکان بووە، ٤٥٠ ساڵ لە چەرخەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا شەڕ بووە، سی ساڵی پێی دەوترێت جەنگە ئایینیەکان کە بە قەدەر ٤٢٠ ساڵەکەی تری جەنگ زیانی بە مرۆڤی ئەوروپا گەیاندووە، چونکە بە ناوی خواو موقەدەسات دەکرێت و لە شوێنێکی هەستەوەرانەی مرۆڤدا کاریگەری بەجێدەهێڵێت، کە سۆزو عاتیفەیەتی، مرۆڤ ئامادەیە دەست لە ژیانی و رۆحی هەڵبگرێت، بەڵام دەست لە موقەدەساتی هەڵناگرێت، ئەمەیە وای لێ کردین زوو بە سوننەکان بڵێین هەرێمێك بۆ خۆتان جودا بکەنەوە ئەگینا بەشەڕێکەوە تووش دەبن، پێشتریش بە شیعەمان وت کێشەی سوننە چارەسەر بکەن ئەگینا شەڕی موقەدەساتی ئێوەو سوننە کۆتایی پێ نایەت، هەربۆیە پێویستە کورد وەك چۆن چەندین ساڵە خۆی نەکردۆتە تەڕەفگیری لایەك دژ بە لایەکەی تر، ئێستاش نابێت ببینە تەڕەفی شەڕێك ئەگەر راستەوخۆش رانەگەیەنرابێت بە ناوی شەڕی تایەفەگەرییەوە، بەڵام لەسەر زەمینەی واقیع شەڕی نێوان تایەفەکانە، دووەم خۆمان بپارێزین لە راگەیەنراوەکانی کە دەکرێنە ماڵ لەسەر سەرپێچی کردنی دەستوور، ئەم شەڕەی ئێستا دەستیپێکردووە چارەسەر ناکرێت بەبێ دانانی هەرێمێك بۆ سوننە لەبەر ئەوەی سوننە کە هەرێم و پەرلەمان و دامودەزگای خۆی هەبێت ئەوجا سەرقاڵ دەبێت بە ناوخۆی کاروباری خۆیەوە، یان بە عەقڵ مامەڵە دەکەن و دادەمەزرێن یان شەڕێکی چەند ساڵی ناوخۆیان رەنگە بکەن، ئەوەی گرنگە لەگەڵ کوردو لەگەڵ بەغدا نایکەن. لەبەرئەوە پێویستە لە چوارچێوەی دەستوور بجوڵێینەوەو رای گشتی دروست بکەین و تەڕەفگیری هیچ لایەك نەبین، هەرچی بکەین پێکەوە بیکەین، هیچ لایەنێك بە تاکڕەوانە هیچ نەکات تا تووشی ئیشکالیەتی گەورە نەبین..

*** ئەوەی ئێستا بۆتە ئەمری واقیع ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەواوی ناوچەکانی کوردستانی کۆنترۆڵ کردووە، بە واتایەکی دیکە ئێستا کێشەی خاك چارەسەر بووەو ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە بە بەشێك لە ئیدارەی هەرێم، ئایا تا چەند**



**زەرووورەتە بۆ پاراستنی ئەم واقیعە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان پێکەوە ئەم دەسکەوتانە بپارێزن؟**

- خاکی کوردستان حەقێکە دەبوایە پاش ساڵی ٢٠٠٣ بە پێی سێ قۆناغ بخرایەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەویش ناردنەوەی عەرەبی هاوردەو قەرەبووکردنەوەو لەگەڵ ناردنەوەی ئەوان و دەرکراوەکەش بچێتەوە شوێنی خۆی، ئینجا ریفراندۆم، ئەمە بە دوو ساڵ جێبەجێ دەکرا، بەڵام بۆچی زەمەنیان درێژ کردەوە تا ئەوە نەکرێت، کورد لەوە تێگەیشت ئێستا لە رووی زەمەنیەوە چۆن لە بەغدا وترا مادده زەمەنیەکەی ئێکسپایەر بوو، ئێمەیش دەڵێین لە رووی زەمینەی واقیعەوە مادده دەستووریەکە ئێستا جێبەجێ کراوە، بەڵام دەتوانین ریفراندۆم پێش بخەین لە ناوچەکانی کوردستانی کە هێشتا ٪٢٥ی ماوە هێشتا بێنەوە، کە ئەوە چەسپێنراو خەڵکەکە دەنگی پێدا، ئەو کاتە لە بڕگەی یەکەم و دووەم هەرچی نەکراوە ئەویش تەواو بکەین، ئەو کاتە دەڵێین دەستوورمان جێبەجێ کرد نەك ئیرادەی خۆمان بسەپێنین بەسەر ئیرادەی بەغدا لە دەرەوەی دەستوور، واقیع هاتە پێشەوە دەستووری بۆ جێبەجێ کردین و لەو سنوورەی خۆماندا شەڕی سوننەو شیعەی تێدا ناکەین، خەڵکی ئەوێ بڕیار بدات خاکی ئێمەیە یان نا، بڕیار بدات حەزی بە مانەوەیە لەگەڵ ئێمە یان نا.

*** لەم بارودۆخەدا هێزی پێشمەرگە کە لەسەنگەری رووبەڕووبوونەوەیە بۆ پاراستنی خاکی کوردستان، پێویستی بە هاندان و هاوکاری هەموو خەڵکی کوردستان هەیە، هەروەها پێویستی بە پشتگیری مامۆستایانی ئایینی و تەواوی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، ئایا چۆن هەموو حزبە سیاسییەکان پێکەوە زەمینەی ئەوە دروست دەکەن کە ببنە وره بۆ هێزی پێشمەرگە و لە سەنگەرەکانی پێشەوە زیاتر بەرگری بکەن؟**

- بەلاغی کۆتایی مەکتەبی سیاسیمان ٪٤٠ی تەرخان کرابوو بۆ مەسەلەی پێشمەرگە، بە پشتگیری کردنی ئەو هێزە، بەس من پێشنیازی شتێك دەکەم لێرەدا، کاتی ئەوەیە لەو نەخشە رێگایەی دادەنرێت بۆ ئەمڕۆو داهاتووی کوردستان لە چوارچێوەی شەراکەتی راستەقینەدا پێشمەرگە دەوڵەمەند بکەین بە هەموو خەڵکێکی کوردستانی، بیکەینە دەزگایەکی تەواو نیشتمانی راستەقینە، تا گەشەی تەواو بدرێتە پێشمەرگە، با خەڵکانی تریشی تێدا بێت و هەر بە ئەدەبیات نەڵێین پشتگیری لێ دەکەین، میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵك تەنیا بە قسە پشتگیری لە پێشمەرگە نەکات، تەنیا بە سنگ نەیکات و بە دەستیش بیکات، تەنیا بە پارە نەیکات و بە رۆحیش بیکات، باشترین دەرفەتە کۆدەنگییەك دروست بکەین پێشمەرگەی کوردستان هەمووی بکەینە یەك، پێشمەرگەی زەردو سەوز نەمێنێت ببێتە پێشمەرگەی نیشتمانی کوردستان، ئاسایی وەریبگرن کە پێشمەرگەی تورکمان و ئاسووریشی تێدا بێت، گرنگ ئەوەیە ببێتە پێشمەرگەی نیشتمان، تەنیا ئەوە نییە پێشمەرگەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی تێدا بێت، هی هەموویانی تێدا بێت باشترە، ئێستا خەڵك دڵی گەرمە ئەو گەنجانەی قسەیان بە پێشمەرگە دەوت ئێستا شیعریان بەسەردا دەڵێن، دوعایان بۆ دەکەن و وێنەیان لە ناو فەیسبوکەکانیان دادەبەزێنن، هیوام وایە کاك مسعود ئەم پێشنیازەم بخوێنێتەوە لە گۆڤارەکەتانەوە، رەنگیشە یەکەمین کەس چاوی پیا بخشێنێت بەڕێزیان بێت.

*** لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی عێراقدا نوێنەرانی لیستی دەوڵەتی یاسا تۆمەتی ئەوەیان خستە پاڵ کوردستان کە گوایە هاریکاری تیرۆریستانی داعشی کردووە، ئایا ئێوە وەك یەکگرتووی ئیسلامی چۆن چۆنی تەماشای ئەو تۆمەتانەی لیستی دەوڵەتی یاسا بەرانبەر کوردستان دەیکات، دەکەن؟**

- بەشێکی گەورەی شەڕی وا گەورە بە جەنگی دەروونی دەکرێت، بە دابەشکردنی تۆمەت و ئیبتیزازکردن دەکرێت، تا هەستەکانت بوروژێنن، تا توڕەت بکات و راتکێشێتە ناو گۆڕەپانی خۆیەوە، ئەگەر ئەم بەیانیە شەڕی داعش یان سوننە بکەین بۆ ئێوارە پێمان دەزانن، شەڕو پێشمەرگەکەت دیارە یان ئەگەر پشتی داعش بگرین، هاوکات بە مانگی دەسکرد دیارە، لە زەمەنێکداین یەك لەسەر سەدی میللیمەترێك لەم زەمەنی شەفافیەتەدا بزر نابێت، ئێمە نابێت نیگەران ببین بە فێڵی کەسانی تر، ئێمە لەسەر خاکی خۆمان تەجاوزی خاکی کەس ناکەین، ئەم خاکەش تا ئەمڕۆ بەشێکە لە عێراق، هەر کەس دەتوانێت ناوچەکەی خۆی بە خۆی بپارێزێت، ئەو تۆمەتانەی ئاراستەمان دەکەن یەکەم شت ئەوەیە لە ئاستی زۆر باڵای کوردستانی وەڵام نەدرێتەوە، دەکرێت کادرێکی حزبی وەڵامی ئەو تۆمەتبەشینەوەیە بداتەوەو بە درۆی بخاتەوە، چونکە هەر شەڕێ لە لوتکەوە دەستپێبکات دواتر لە خوارەوە چارەسەر ناکرێت، مالیکی ناچارە تۆمەت بداتە پاڵ کۆمەڵێك دەوڵەتی هەرێمی و چەند سەرکردەیەکی سوننی و ئەحزابی کوردی، لەبەر ئەوەی ناچارە چونکە شەڕ بەرەو بیناقاقای بەغدا دەڕوات، ئەو بەو تۆمەت بەشینەوەیە بەرژەوەندی ئەوەی هەیە خەڵکی تر تێوەگلێنێت لە شەڕەکەوە، بەڵام کورد تێوەناگلێت بەم تەڵەو داوانەوە.


**مالیکی ناچارە تۆمەت بداتە پاڵ کۆمەڵێک دەوڵەتی هەرێمی و چەند سەرکردەیەکی سوننی و ئەحزابی کوردی، ناچارە چونکە شەڕ بەرەو بیناقاقای بەغدا دەڕوات، ئەو بەو تۆمەت بەشینەوەیە بەرژەوەندی ئەوەی هەیە خەڵکی تر تێوەگلێنێت لە شەڕەکەوە، بەڵام کورد تێوەناگلێت بەم تەڵەو داوانەوە**




**جۆن ماک گاری**

تایبەتمەند لەسەر پرسی فیدرالیزم و عێراق بۆ گوڵان:

# سەرۆکی کوردستان مافی خۆیەتی بڕیار بدات راپرسی بۆ مافی چارەنووس بکرێت



**پرۆفیسۆر جۆن ماک گاری ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی کیون لە کەندا و هەروەها پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسی فیدرالی و یەکێکە لە نووسەرانی کتێبی (ئایندەی کوردستان لە عێراقدا) ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆفیسۆر ماک گاری لە ساڵی ٢٠٠٣وە کار لەسەر ئایندەی کوردستان لە عێراقدا دەکات و ئاگاداری رەوشی عێراق و کوردستانە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای کوردستان و سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ پەرلەمان و ئامادەباشی بۆ راپرسی، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر جۆن ماک گاری ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرۆك بارزانی داوای لە پەرلەمانتاران کرد بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکەن بۆ ئەنجامدانی راپرسی، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم وتارەی بارزانی لەم کاتەدا چۆن دەخوێننەوە؟**

- بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان، بە تەواوەتی مافی خۆیەتی ئەو راپرسیە ئەنجام بدات و ریفراندۆم مافێکی سروشتی هەموو گەلێکە، هەر بۆ نموونە سکۆتلەنداش لە مانگی ئەیلوولی ئەم ساڵەدا راپرسی دەکات. هەروەها هەرێمی کیوبیکیش لە کەنەدا- کە من ئێستا لەوێوە قسەتان لەگەڵدا دەکەم- دوو راپرسی ئەنجام داوە بۆ سەربەخۆیی و بەڵام جیانەبوونەتەوەو، لە هەرێمی کەتەلۆنیاش لە ئیسپانیا لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا راپرسی ئەنجام دەدات، کەواتە ئەمە شتێکی تەواو ئاساییە. جیاوازیەکە ئەوەیە کوردستان لە عێراقدایە نەك بەریتانیا یان کەنەدا یان ئیسپانیادا، من دەتوانم مەزندەی ئەوە بکەم کە حکومەتی عێراق مالیکی، بە راپرسیەکەی کوردستان خۆشحاڵ نابێت و شەرعیەتەکەی قبوڵ ناکات، وەك ئەوەی حکومەتی بەریتانیا، یان کەنەدا یاخود ئیسپانیا قبوڵی دەکەن. هەروەها ئێرانیش کەمتر لە مالیکی نارەحەت نابێت، نەك تەنیا لەبەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئێران پشتیوانی حکومەتەکەی مالیکی دەکات. کەواتە بە بۆچوونی من کوردەکان مافی ئەوەیان هەیە و من خوازیاری ئەوەم کە مەسەلەکانیان بێ گرفت بڕوات وەك ئەوەی لە کەنەدا روویدا و وەك ئەوەی لە بەریتانیا روودەدات، بەڵام من دڵنیانیم لەوەی مەسەلەکان بێ گرفت تێپەڕێت لە کوردستاندا.

**بە بۆچوونی من کوردەکان مافی ئەوەیان هەیە و من خوازیاری ئەوەم کە مەسەلەکانیان بێ گرفت بڕوات وەک ئەوەی لە کەنەدا روویدا و وەک ئەوەی لە بەریتانیا روودەدات**

*** بەڵام واقیعەکە گۆڕاوە و ئێستا ئێمە هیچ سنورێکمان لەگەڵ بەغدا نییە، پێشتر ئێمە ١٠٠٠ کیلۆمەتر سنورمان لەگەڵ بەغدا هەبوو، ئێستا ئەو سنورەمان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هەیە و تەنیا هێڵی ئاسمانی لە نێوان کوردستان و بەغدا هەیە، ئەمەش کوردەکان ناچار دەکات سەربەخۆیی رابگەیەنن، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- بە بۆچوونی من کوردەکان مافی خۆیانە بەرگری لە خاکی خۆیان بکەن لە دژی هەڕەشەی ئیسلامیە ئسولیەکان و جیهادیەکان، کە رێکخراوێکی مەترسیدارە و لە ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق بەرفراوان بووە، کەواتە لە دەرەوەدا هاوسۆزیەکی زۆر هەیە بۆ کوردستان، بەلای کەمەوە لەسەر ئاستی خەڵکەکە، بەڵام رەنگە ئەو هاوسۆزیە لەسەر ئاستی حکومەتەکان بەو شێوەیە نەبێت. ئێران هاوسۆزیەکی زۆری بۆ کوردستان نییە، بەڵام تورکیا هاوسۆزییەکی زۆری هەیە. من وێنای ئەوە دەکەم کە دەوڵەتی روسیا دەیەوێت عێراق پێکەوە و بە یەکگرتویی بمێنێتەوە و ئەوە دەبێتە ئەولەویەتی ژمارە یەکی روسیا- من باسی ئەوە دەکەم کە

**بەرپرسیارێتیەکی بنەڕەتی ئەمریکایە کە پارێزگاری لە کوردستان بکات، بە تایبەتی پارێزگاری لێ بکات لە بەرامبەر توندڕەوانی وەک دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام**

**ڕۆژئاوا دەزانێت کە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دژ بە ڕۆژئاوایە و جیهادیە و هەڵدەستن بە کوشتنی ئەو کەسانەی کە موسڵمان نین، تەنانەت ئەگەر موسڵمانیش بن، بەڵام سوننە نەبن. ڕەنگە ئەمەش دۆخێکی وەک ئەفغانستان و ڕەنگە خراپتریش دروست بکات کە تالیبان پەنای ئەل قاعیدەی دا**

**ئەمریکا پشتیوانی کۆسۆڤۆی کرد، بەڵام پشتگیری ئەبخازیا و سایبەرسیتیای لە جۆرجیا نەکرد و هەندێ کەس دەڵێن کە بەرهەڵستیەکی توندی تورکیای نەکرد لە پرسی قوبرسدا و کردەوەیەکی توندی نەگرتەبەر دژی تورکیا بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە قوبرس. لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت کە چاو لە کوردستانیش بپۆشێت**

هەڵوێستی روســیا چییە نەك ئەوەی پێویستە هەڵوێستی چۆن بێت-. ئێستاش زۆر زووە بۆ ئەوەی بزانین داعش چی بەسەر دێت، چونکە هەندێ بۆچوون هەیە دەڵێت کە ئەمە تەنیا دیاردەیەکی کاتیە. لە ڕۆژئاوادا هەندێ لایەن بەلای کەمەوە بە رای گشــتی هاوسۆزە، بەڵام ڕەنگە هەندێ لە حکومەتەکان هاوسۆز نەبن، بە دڵنیاییەوە حکومەتی بەغدا باس لەوە دەکات کە –کوردەکان- لاوازی حکومەت ئیستغلال دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دوور مەوداکەی خۆیان کە سەربەخۆییە. ئەوە ڕاستە کوردستان هیچ سنورێکی لەگەڵ بەغدا نییە، بەڵام هیچ ســنورێکی دان پێدانراویشی نییە، بەڵکو سنورەکانی ناکۆکیان لەسەرە، لە نێویاندا کەرکوك، کە بەغدا دەڵێن دەستی بەسەردا گیراوە.

*** ئێمە دەزانین هێزەکانی پێشــمەرگە تەنیا چەکی روسی کۆنیان هەیە، ئایا پێویســت بەوە ناکات کە چەکی نوێ و پێشــکەوتوو بدرێتە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی دەوڵەتی ئیســلامی لە عێراق و شام (داعش) ببنەوە؟ یاخود بەلای کەمەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە سنورەکانی خۆیان بکەن؟**

- پێموایە شــتێکی بنەڕەتیە و مەسەلەیەکی ئەخلاقیە کە حکومەتەکانی ڕۆژئاوا و لە نێویاندا ئەمریکا سەقامگیری کوردســتان بپارێــزن کــە تەنیا بەشــی ســەقامگیری عێراقە و کوردســتان لە ســاڵی ٢٠٠٣وە سەقامیگر بووە، بەرپرســیارێتیەکی بنەڕەتی ئەمریکایە کە پارێزگاری لێ بــکات، و بە تایبەتی پارێزگاری لــێ بکات لە بەرامبەر توندڕەوانــی وەك دەوڵەتی ئیســلامی لە عێراق و شــام (داعش)، کەواتە ئــەوە بەرپرســیارێتی و پابەندبوونێکی بنەڕەتیە کە ڕۆژئاوا ڕێگە نەدات ئەم هێزانە زاڵ بن بەسەر کوردســتاندا. ئەگەر هەڕەشــەیەکی جددی هەبوو لەسەر ئاسایشــی کوردستان، ئەوا پێویســتە حکومەتی ئەمریکا پێشــمەرگە چەکدار بکات، بە چەشــنی ئەوەی دەستی کرد بە چەکدارکردنی موعارەزەی ســوریا. هەرچۆنێك بێت ئەوەی هەندێك کێشە بۆ پێدانی چەك بۆ پێشمەرگە دروست دەکات، مەسەلەی بڕیاری سەربەخۆیی کوردستانە، چونکە ئەگەر لە ئێســتادا ڕۆژئاوا چەك بداتە پێشمەرگە، ئەوا وا دەردەکەوێت کە لە ڕووی سەربازیەوە هاوکاری دابەش بوونی عێراق دەکات. ئەنجامدانی کارێکی لەم شێوەیەش قورسە، تا ڕاددەیەك بڕیاری ســەرۆك بارزانی بۆ چوونە پەرلەمان بۆ پرســی راپرســی، ڕەنگە هەندێك پرسی چەکدارکردنی پێشــمەرگە لەلایەن ڕۆژئاواوە ئاڵۆز بکات، هیوادارام ئەوە حاڵەتەکە نەبێت.

*** لەبارەی نیگەرانیە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکانەوە، ئەوا ئێســتا دەبینین کە لە سەدا ٨٠ی سوپای عێراق لەبەریەك هەڵوەشــاوەتەوە، نە ئەمریکا و نە ئەوروپاش ئامادە نین هێز بــەکار بهێنن بۆ گەڕاندنەوەی موســڵ بۆ ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق، تەنانــەت تورکیاش ئامادەی هاوکاری کردن نییە، ئێرانیش تەنیا دەیەوێت بەرگری لە بەغدا بکات، ئەمەی بەلاوە گرنگە، پرســیارەکە ئەوەیە ئەگەر دەوڵەتی ئیســلامی ببێتە ئەمری واقیع لە عێراقــدا ئایا تا چەند دەبێتە مەترسی لەسەر ناوچەکە و سەرتاسەری جیهان؟**


- ئەمــە قابیلی قبوڵ نییە و ئەمە دەبێتە مەترســیەکی جددی نەك تەنیا لەســەر ئاسایشی ناوچەکە، بەڵکو لەسەر ئاسایشــی جیهانیش....ڕۆژئــاوا دەزانێت کــە دەوڵەتی ئیســلامی لە عێراق و شــام (داعش) دژ بــە ڕۆژئاوایە و جیهادیە و هەڵدەســتن بە کوشــتنی ئەو کەســانەی کە موسڵمان نین، تەنانەت ئەگەر موسڵمانیش بن، بەڵام سوننە نەبن. ڕەنگە ئەمەش دۆخێکی وەك ئەفغانســتان و ڕەنگە خراپتریش دروســت بکات کە تاڵیبان پەنای ئەل قاعیدەی دا، ..بــەڵام لە هەندێ ڕووەوە ئەل قاعیدە هێندەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) رادیکاڵ نییە. هەروەك ئێوە دەزانن ئەل قاعیدە خۆی بێبەری کرد لە داعش، لەبەر ئەوەی کاریگەری خراپی هەبوو بۆ سەر جیهادیزم و، ئەمە ڕێکخراوێکە زۆر لە ئەل قاعیدە خراپترە و قابیلی قبوڵ نییە کە بەرفراوان بێت و هەر جۆرە حکومەتێك لە هەر شــوێنێك پێکبهێنێــت، ئیدی لە بەغدا بێت یان لەو خاکەی ئێســتا بەدەستەوەیەتی.

*** کوردســتان ســەربەخۆ بێت یان نا، ئەوا ئێستا لە ڕووی ئەمری واقیعەوە دەوڵەتە، هەروەك ئاماژەمان پێکرد ئێســتا ســنورێکی لەگەڵ بەغدا نەماوتەوە و لە ژێر هەڕەشــەی دەوڵەتی ئیســلامی لە عێراق و شــام (داعش) دایە، ئایا جیهــان چۆن مامەڵە لەگەڵ ســەربەخۆیی کوردســتاندا دەکات، چونکــە هــەروەك ســەرۆك بارزانــی ڕایگەیاند پشــتیوانیەکی نێودەوڵەتی زۆر هەیە بۆ ئەم پرســە و ئەو دەوڵەتانەش پاڵپشتی ناکەن دژایەتی ناکەن، بۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- مۆدێلــی جیــاواز هەیە لە جیهانــدا و ئەگەری تەواو هەیە کە ببینیت ئەمریکا پشــتیوانی بکات، یاخود بەلای کەمەوە بەرهەڵستی نەکات، پشــتیوانی کۆسۆڤۆی کرد، بەڵام پشــتگیری ئەبخازیا و سایبەرســیتیای لە جۆرجیا نەکــرد و هەندێ کەس دەڵێن کە بەرهەڵســتیەکی توندی تورکیای نەکرد لە پرســی قوبرسدا و کردەوەیەکی توندی نەگرتەبەر دژی تورکیا بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە قوبرس. لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەوە راســت بێت کە چاو لە کوردستانیش بپۆشــێت، من دڵنیانیم، زەمەن وەڵام دەداتەوە. بەڵام وای نابینــم ئەمریکا کاردانەوەیەکی توند لــە دژی کوردەکان بگرێتەبــەر. بەڵام ڕەنگە باشــتر بێت بۆ کوردســتان کە چــاوەڕێ بکات کە چی لە بەشــەکانی دیکەی عێراقدا



رودەدات پێش ئەوەی دەست بەم هەنگاوە بکات، ڕەنگە ئەمە وەڵامی ئەمریکا بێت بۆ حکومەتی کوردستان. بەڵام ئایا تورکیا لەگەڵ ئەوەدایە دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی لەسەر سنورەکەی هەبێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەمە چ مانایەکی دەبێت بۆ دانیشتوانی گەورەی کوردی وڵاتەکەی، بۆ من جێی سەسوڕمان دەبێت ئەگەر ئەمە حاڵەتەکە بێت. ڕاستە پێوەندی باش هەیە لە نێوان حکومەتەکەی ئەردۆغان و کوردستاندا، بەڵام تورکیا زۆر نیگەران دەبێت لە کوردستانێکی سەربەخۆ، ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە کاردانەوەیەکی بەهێزی دەبێت؟ من نازانم و هیوادارام ئەم کارە نەکات، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.




*** سیاسەتی ئەمریکا بە جۆرێك لە جۆرەکان لەهەمبەر چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری ئیفلیجی بووە و دەیەوێت بەرگری لە یەکێتی عێراق بکات، بەڵام چیتر یەکێتی عێراق واقیعێك نییە، سوننە و شیعەکان شەڕی یەکتر دەکەن، تا چ ڕاددەیەك ئەمریکا خۆی لە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دوور دەخاتەوە، را و بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، وەڵامەکە ئەوەیە ئەوە سیاسەتی درێژخایەنی ئەمریکا بووە کە پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکی عێراق بکات، لەبەر ئەوە ئەولەویەتی ئەوان پێکهێنانەوەی عێراقە و ڕزگاربوونە لە مالیکی کە تەواو بێتوانایە و حکومەتێکی نوێنەرایەتی نییە، و لە ڕەفتارەکانیدا دژی سوننە و کوردە، لەبەر ئەوە ئەولەویەت ئەوەیە عێراق بە نامەرکەزی بکرێتەوە و بەڕاستی بکرێتە فیدراڵی و حکومەتی فیدراڵی عێراق پتر نوێنەرایەتی سێ پێکهاتە جیاوازەکە بکات. بەڵام پێموایە هەر کارێکیان لەدەست بێت دەیکەن بۆ پاراستنی کوردەکان لە دەستی داعش ئەگەر هاتوو داعش بووە هەڕەشە و مەترسی. پێموایە زۆر کەس لە ئێستادا باوەڕیان وایە کە پێشمەرگە بە تەواوەتی توانای بەرنگاربوونەوەیان هەیە بەبێ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. ئەگەرچی کوردەکان دۆستێکی باشی ئەمریکان، بەڵام واقیعی نییە پێشبینی ئەوە بکەیت ئەمریکا لە ریزی ئەوانە بێت پاڵپشتی داواکاری سەربەخۆی کوردەکان بکات لە ئێستادا. ئەگەر دۆخەکە خراپتر بوو و بە دڵنیایەوە ئەگەر داعش دەستی بەسەر بەغدادا گرت- کە پێم وانییە مومکین بێت-، ئەوا مەسەلەیەکی جیاواز دەبێت و پێموایە داواکاری لە ئەمریکا دروست دەبێت بۆ پشتیوانیکردن لە دابەش کردنی عێراق، هەروەها بۆ گرتنەبەری کردەوەی سەربازی دژی ئەو میلیشیا جیهادیانە، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەوە قابیلی قبوڵ نابێت، پێموایە ئەمە ڕوودەدات.



عەبدولرەحمان شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بۆ گوڵان:

# بۆ ئەم قۆناخەی ئێستا پێویستە هەموو مەلایەک نوێنەری سەرۆکی کوردستان بێت

**رۆڵی زانایانی ئایینی ئیسلام و مەلاکانی کوردستان لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان و لەهەموو بارودۆخەکاندا بەرچاو بــووە، بۆیە لــەم بارودۆخە هەســتیارەدا کە سەرۆکی کوردستان سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنە بۆ ئەوەی زەمینەیەکی یاســایی بۆ ئەنجامدانی راپرسی و مافی بڕیاردانی چارەنووس ئامادەبکات، گرنگە ئەم پرســە بکرێتە پرســێکی میللی و هەموو تاکەکانی کوردستان بەشــداری تێدا بکەن، دیارە یەکێك لەهەرە توێژە دیار و شۆڕشــگێڕەکانی کوردستان زانایانی ئایینی ئیسلام و مەلاکانی ســەر مینبەری مزگەوتەکانی کوردستان بۆ ئەوەی لەم پرســەدا رۆڵی مێژوویی خۆیان بگێڕن، بۆ قســەکردن لەسەر ئەو پرســە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ عەبدولرەحمان شێخ عوســمان عەبدولعەزیز ئەنجامدا، جێگەی ئاماژە پێکردنە خوالێخۆشــبوو شێخ عوسمان عەبدولعەزیزی باوکی یەکەم ســەرکردەی ئیســلامی بووە کە لە هەشتاکانی ســەدەی رابردوو فەتوای داوە کــە جیهــاد دژی رژێمی بەعــس رابگەیەنرێت، ئەم هەنگاوەی شــێخ عوســمان عەبدولعەزیز بۆ ئەو کاتە وەك رابەری حزبێکی ئیســلامی تەنیا هەڵوێست بووە و پێچەوانــەی ئــەو خەڵکانە بووە کــە نزیك بوون لە رێکخراوی ئیخوان موســلمین. لەم دیمانەیەشدا بەڕێز عەبدولرەحمان شیخ عوسمان عەبدولعەزیز داوا دەکات بە هاوشێوەی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول زانایانی ئایینی ئیسلام رۆڵی خۆیان بگێڕن و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بارودۆخی ئێســتای کوردســتان لە گۆڕانکاریەکی خێرادایە، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بۆ هەڵســەنگاندنی ئەم بارودۆخە لە پەرلەمانەوە پەیامی خۆی ئاراســتەی گەلی کوردســتان و جیهان دەکات، سەبارەت بەم بارودۆخە ئایا تۆ چۆن رەوتی ئەم رووداوانە دەخوێنیتەوە؟**

- بەراستی وەك پێشتریش لە نووسینەکانی خۆمدا جەختم لەسەر کردۆتەوە، مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی لە نێوان کورد و شیعە و سوننە، کارێکی ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، ئەوا کارێکی هێجگار قورس و ئەســتەمە، لەبەر ئەوەی شــێوازی مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی پێویستی بە وەرچەخانە لە ئەقڵیەتی سیاسیی عێراقیەکاندا، ئەمەش واتە گەیشتن بەو قەناعەتەی کە عێراق تەنیا بە شێوازی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانــە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی، یاخود لەچوارچێوەی یەکێتیەکی کۆنفیدراڵی دەتوانرێت بە یەکپارچەیی بهێڵرێتەوە، هەربۆیە لە غیاب و نەبوونی ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەتی عێراقی ئێستا، ئەوا چارەنوسی عێراق دابەشبوون و پارچەپارچە بوونە، لەم چوارچێوەیەدا دیارە ســەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، لەسەرووی هەمووشیانەوە بەڕێز جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان، زۆر بە وردی و لۆژیکانە واقیعی تازەی کوردستان و عێراقی خوێندۆتەوە و هەموو لایەکیش لەبەر رۆشنایی خوێندنەوەی واقیعیانە بۆ ئەم بارودۆخە تازەیە بەو ئاراســتەیە رەوتی رووداوەکان دەبینین، بەوەی مەحاڵە بارودۆخی ئێســتای عێراق بگەڕێتەوە بۆ پێش ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤، واتە پێش کۆنترۆڵکردنی موسڵ و پاشان تکریت و ئەوجا دیالە، بۆیە لەم بارودۆخەدا کە سوپای عێراق لەو ناوچانە لەبەر یەکهەڵوەشا، سەرۆکی کوردســتان کارێکی مێژوویی زیرەکانــەی کرد بەوەی فەرمانی بە جووڵانی هێزی پێشــمەرگە کرد بۆ ئەوەی بچنە پێشەوەو تەواوی ســنوری جوگرافی کوردستانی باشــوور بپارێزن، لەمەش گرنگتر سەرۆکی کوردستان رێگەی نەدا کە هێزی پێشــمەرگە لەسنوری کوردستان زیاتر بچنە پێشــەوەو خۆیان تێکەڵی شەڕێك بکەن، کە لەبنەڕەتدا ئەو شەڕە شــەڕێکی تائیفی نێوان سوننە و شــیعەیە و کاردانەوەی ئەو زوڵمانەیــە کە حکومەتی نــوری مالکیی دەرهەق بەعەرەبی ســوننەی کردووە، هەر لەبەر ئەمەشــە ئەوەی لەو ناوچانە روویدا بە تەنیا چەکدارانی داعش نەیانکــردووە، بەڵکو لەگەڵ هاتنی چەکدارەکانی داعش، عەرەبی ســوننە لە دژی زوڵم و زۆری حکومەتەکەی مالیکی راپەڕیوون و ناوچەکانی خۆیان ئازادکردووە، لــەم روانگەیەوە ئەم حاڵەتە ناکرێت بەشــەڕی نێوان حکومەت و داعش سەیر بکرێت، بەڵکو

**زۆر گرنگە کۆمەڵێک مەلای مێزەر سپی سەردانی بەرەکانی پێشمەرگە بکەن و تەنانەت ئەگەر خوا هیدایەتمان بدات، کۆمەڵێک لە مەلاکانی کوردستان خۆیان خۆبەخش بچنە ریزی پێشمەرگە و لە سەنگەرەکانی بەرگریدا پێشنوێژی بۆ پێشمەرگە بکەن و هاوشانی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی بەرگریدا بن**

**جەنابی کاک مسعودیش بە هاوشێوەی جەنابی بارزانی بێجگە لەوەی کە خۆی پیاوێکی ئایین پەروەرە لە هەمانکاتدا رێزێکی زۆر گەورە لە ئایین و مەلا و زانایانی ئایینی ئیسلام دەگرێت، بۆیە گرنگە لەم مانگی رەمەزانە سەردانی موسڵمانان لەناو مزگەوتەکان بکات و نوێژ لەگەڵ موسڵمانان بکات**

**پێویستە جەنابی سەرۆکی کوردستان هەمان رۆڵی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی بگێڕێت و دەستەیەکی باڵا لە مەلا و زانایانی ئیسلامی دابمەزرێنێت و ئەو دەستەیە لەژێر چاودێری خۆی بێت و بیانێرێت بۆ وڵاتانی ئیسلامی عەرەبی و غەیرە عەرەبی بۆ ئەوەی لەم ساتە وەختە مێژووییەدا رۆڵی خۆیان بگێڕن**

**جەنابی شێخ عوسمان عەبدولعەزیزی باوکم و تەواوی زانایانی ئیسلامی دەیانزانی ئەوەی ئەرکی سەرشانیانە بۆ ئایین پەروەری و نەتەوە پەروەری مەلا مستەفا لە چوارچێوەی شۆڕشی ئەیلوولدا جێبەجێی دەکات و هەموو لایەک بەئازادی کاری خۆی دەکات، بۆیە لەو سەردەمە پێویست نەبوو حزبێکی ئیسلامی دروست بکرێت**

ئەمە کاردانەوەی ئەو زوڵم و زۆرەیە کە حکومەتێکی شیعە لەهەمبەر پێکهاتەی عەرەبی سوننە ئەنجامیداوە. کەواتە رەوتی ئەم رووداوانە ئەوەمان پێدەڵێن، هاوکێشەی سیاسیی بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیەی لە موسڵ و دیالە و تکریت هاتۆتە ئاراوە گۆڕانکاری ریشەیی بە خۆیەوە بینیووە، هەربۆیە دەبێت شێوازی سیاسەت و دیپلۆماتیەتی کوردستانیش گۆڕانکاری بەسەردا بێت و بەپێی واقیعە تازەکە مامەڵە لەگەڵ توخمەکانی نێو هاوکێشەکە بکات و هەروەها ئەوانی دیکەش کە دەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکەن دەبێت بەپێیی ئەم واقیعە تازەیە سەیری کوردستان بکەن. ئەم واقیعە تازەیەشی کوردستانیش، دیارە پێش هەموو شت فەرزی دەکات گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ئەو کات بیر لە شێوازی هاریکاری و پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوربەر و عێراق و جیهان بکاتەوە، راشکاوانەتر دەمەوێت بڵێم زەمینە سازی لەلایەن سەرۆکی کوردستانەوە بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر چارەنووسی کوردستان و بوونی کوردستان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دەبێت یەکێك بێت لە ئەولەویەتی هەنگاوەکانی ئەمڕۆ و دەبێت کوردستان ببێتە دەوڵەت، ئەوجا بیر لە شێوازی و میکانیزمی پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و دەوروبەر بکاتەوە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئەگەر باشووری کوردستان بڕیاری سەربەخۆبوون بدات و دەوڵەتی خۆی رابگەیەنێت، جوگرافیا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و هەر دەبێت هەماهەنگ و هاوکاری و پێوەندی دیپلۆماتی و بازرگانی لەگەڵ عێراق و دەوروبەر و جیهان هەبێت، بۆیە هەنگاوی گرنگ و جددی لە ئێستادا راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە، بۆیە پێویستە هەموو رای گشتی کوردستان پشتگیری لەسەرۆکی کوردستان بکات بۆ ئەوەی ببێتە گوشار و بەڕێزی رۆژێك زووتر ئەم بڕیارە مێژووییە بدات.

*** زۆر جار کە باسی دەوڵەت و سەربەخۆبوون دەکەین، هێندەی جەخت لەسەر فاکتەری دەرەکی دەکەینەوە، هێندە جەخت لەسەر فاکتەرە ناوخۆییەکان و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی گەلی کوردستان ناکەینەوە، بەڵام فاکتەری بنەڕەتی فاکتەری ناوخۆییە، هەر بۆ نموونە ئەمڕۆ کە سەرۆکی کوردستان رووبەڕووی ئەم قۆناخە مێژووییە دەبێتەوە، دیارە بە پشتیوانی خواو میللەتەکەی رووبەڕوو دەبێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستی بەوەیە خوا هیدایەتی بدات و بە یەکڕیز میللەتی کوردستان پشتگیری بکات، ئایا چۆن سەیری خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان دەکەیت؟**

- بێگومان لەم قۆناخەدا سەرۆکی کوردستان پێویستی بەوەیە کە خوا هیدایەتی بدات و هەمووشمان وەك میللەتی کورستان یەکڕیز و یەك هەڵوێست پشتگیری بکەین، چونکە پێکهاتەی جوگرافی کوردستان وا هەڵکەوتووە کە دەوروبەرمان بە حکومی ئەوەی هەر یەکەیان بەشێکی کوردستانی لە بن دەستە، پێیان خۆش نەبێت کوردستانی باشوور دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە کردن و سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە لەناوخۆی کوردستان لایەنی واهەبێت، کە حەز نەکات ئەوجا لەبەر هەر هۆیەك بێت، کوردستان ببێتە خاوەن کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ، لەمەش زیاتر بیانووی بێ مانا بێنیتەوە بەوەی کاتی نەهاتووە یان وەختی ئەوە نییە، سەبارەت بەم بیانووە بێ مانایانە، من پێموایە نەك کاتی نەهاتووە بڕیاری سەربەخۆیی بدرێت، بەڵکو هەندێك کاتیشی بەسەردا گوزەر بووە و دەبوو پێشتر سەرۆکی کوردستان ئەم بڕیارە مێژووییەی بدایە، ئەو هەلومەرجەی ئێستا بۆ کورد رەخساوە، زۆر زۆر لە هەلومەرجەکانی سەردەمی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و هەروەها لەسەردەمی مەملەکەتەی شێخ مەحمودیش زۆر زۆر جیاوازە، دیارە من لە خەباتی جەنابی شێخ مەحمود جەنابی قازی محەمەد کەمناکەمەوە، بەڵام ئەو هەلومەرجەی ئێستا بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە، هەلومەرجێکی مێژوویی لەبارە و نابێت کورد ئەم دەرفەتە مێژووییە لە دەستی خۆی بدات، خۆ ئەگەر خوانەخواستە ئەم دەرفەتە مێژووییە لەدەست بدرێت، ئەوا بەرپرسیاریەتی مێژوویی دەکەوێتە سەرشانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و بە تایبەتیش جەنابی سەرۆکی کوردستان و دەکەونە بەردەم ئەو بەرپرسیاریەتیەی بۆ ئەو هەلە مێژووییە لە دەستدراو دەوڵەتی کوردستان رانەگەیەنرا؟ بۆیە ناکرێت لەم قۆناخەدا مەسەلەی چارەنووسسازی دیاریکردنی ئایینەی کوردستان لەروانگەی بەرژەوەندی حزبی و بازاڕ گەرمکردنی سیاسەتی لایەنێکەوە سەیر بکرێت و موزایەداتی سیاسی لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی بچووکترین هەڵە یان دروستکردنی درز لە نێو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی گەلی کوردستان، کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆیە گرنگە لەم قۆناخە دەوڵەتی کوردستان لەسەر ئاستی میللی بکرێتە ئەمری واقیع، کە ئەمەمان کرد، وڵاتانیش ناچار دەبن مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیع بکەن و سەربەخۆیی کوردستان ئیعتراف پێبکەن، هەر بۆ نموونە هەتا چەند ساڵێك پێش ئێستا، گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان تورکیا بوو، کاتی خۆی تەنانەت قسەکردن لە نێوخۆیاندا بەزمانی کوردی قەدەغەبوو،

بەڵام ئێستا وای لێهاتووە، سەرچاوەی سەرەکی ژیان و گوزەرانی کوردستان کە نەوتە بەرێگەی تورکیا دەگوازرێتەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان و لەوێوە دەفرۆشرێت، ئەمەش گەورەترین گۆڕانکارییە کە روویداوە لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر کوردستانی باشوور، لەمەش زیاتر ئێستا بەرپرسانی تورکیا نایشارنەوە و دەڵێن ئەگەر کوردستان بڕیاری سەربەخۆییش بدات، ئێمە رێزی ئەو بڕیارە دەگرین و مەترسی بۆ سەر تورکیا نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم بارودۆخە گونجاوە، بۆیە دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان و تەواوی چین و توێژەکانی کوردستان لە پشت سەرۆکی کوردستانەوە بن بۆ ئەم بڕیارە مێژووییە.

*** ئەگەر لێرەوە پرسیارەکە بەو ئاراستە بکەین، بەوەی ئایا سەرۆکی کوردستان چۆن لەم قۆناخەدا وا دەکات کە خۆی ببێتە رەشماڵێك و هەموو گەلی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی لەم پرۆسە مێژووییەدا هەموو پاڵپشت و پشتگیری سەربەخۆیی بکەن؟**

- دیارە جەنابی سەرۆکی کوردستان لەم بارودۆخەدا رووبەڕووی گەورەترین بەرپرسیاریەتی بۆتەوە، ئەم بەرپرسیاریەتیەش تەواو تەواو هەموو کاتەکانی ئەوی داگیرکردووە، بەڵام وێڕای ئەمەش گرنگە جەنابی سەرۆکی کوردستان بایەخێکی تایبەتی بە ناوخۆی کوردستان و رای گشتی بدات و هەوڵبدات گیانی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی لە ناو میللەت بەرز بکاتەوە، ئەمەش واتە ئەو لایەنە سلبیەی ئێستا لەملاو لەولا لە ئینتیمای نیشتمانی بەدیدەکرێت، ئەو لایەنە سلبیە نەهێڵرێت و هەوڵبدات بایەخێکی گرنگ بە مامۆستایانی ئایینی و تەواوی چین و توێژەکان بدات بۆ ئەوەی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی ببێتە رۆژەڤی هەموو تاکێك لە کوردستاندا، من لێرە پێمخۆشە ئاماژە بەرۆڵی خوالێخۆشبوو جەنابی مەلا مستەفا بارزانی بکەم کە چۆن توانیبووی هەموو کورد لەژێر یەك رەشماڵدا کۆبکاتەوە، لەمەش گرنگتر لەبەر ئەوەی جەنابی مەلا مستەفا کوردایەتی خستبووە سەرووی حزبایەتیەوە و پارتیش بە رێبەرایەتی جەنابی مەلا مستەفا هەمان سیاسەتی پیادەدەکرد، ئەوا وەك هەموولایەك دەزانن، پارتی ببووە حزبی سەرتاسەری هەموو کوردستان، ئەمەش وایکردبوو هیچ حزبێکی دیکە بوونی نەبێت یان پێویست نەبێت بوونی هەبێت، دیارە لێرەدا مەبەستم حزبە ئیسلامیەکانیشە، کە زۆر جار پرسیاری ئەوە دەکرێت بۆ لەسەردەمی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی حزبی ئیسلامی بوونی نەبووە؟ ئایا مەلا مستەفا رێگەی نەدەدا یان پارتی ئەو بۆشاییەی پڕکردبووەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر گرنگە وەك خۆی و لەچوارچێوە مێژووییەکەیدا بە نەوەی ئێستا بگوترێت، من بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بەسەرهاتی خوالێخۆشبوو جەنابی شێخ عوسمان عەبدولعەزیزی باوکم دەگێڕمەوە، ئەوکات جەنابی باوکم دەیتوانی حزبێکی ئیسلامی دروست بکات، بەڵام ئەمەی نەکرد و هات بە پرۆژەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کرد، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە جەنابی باوکم و تەواوی زانایانی ئیسلامی دەیانزانی ئەوەی ئەرکی سەرشانیانە بۆ ئایین پەروەری و نەتەوە پەروەری مەلا مستەفا لە چوارچێوەی شۆڕشی ئەیلوولدا جێبەجێی دەکات و هەموو لایەك بەئازادی کاری خۆی دەکات، بۆیە لەو سەردەمە پێویست نەبوو حزبێکی ئیسلامی دروست بکرێت، کە رەنگ بوو زیانی لە قازانجی زیاتر بێت.

*** ئەگەر لەسەر دامەزراندن و پاشانیش رۆڵی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان زیاتر هەڵوەستە بکەین، ئایا رۆڵی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان توانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا چ رۆڵێك بگێڕێت؟**

- لەوانەیە لەم دیمانەیەدا جێگەی ئەوە نەبێتەوە بە دوور و درێژی باسی رۆڵی یەکێتی زانایانی ئیسلامی لە شۆڕشی ئەیلوولدا بکەم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان توانیان شۆڕشی ئەیلوول بکەنە شۆڕشێکی میللی و هەموو تاکێکی کوردستان شۆڕشەکە بە شۆڕشی خۆی بزانێت، هەروەها ئەم یەکێتی زانایانە، توانی هەموو زانایانی ئایینی ئیسلامی، مەلا بەرێزەکان، قوتابخانە و مەدرەسە و حوجرەکان بکات بە پشتیوانی شۆڕشی ئەیلوول، ئەمەش ئەو لایەنەیە کە راگەیاندنی پارتی تێیدا کەمتەرخەمەو نەیتوانیوە ئەم لایەنە گەشەی رۆڵی زانایانی ئایینی ئیسلام لە شۆڕشی ئەیلوولدا پیشانبداتەوە، من لێرەدا حەزدەکەم بەسەرهاتێکی جەنابی مەلامستەفا بگێڕمەوە، لە ساڵی ١٩٧٤ جەنابی مەلا مستەفا بە بروسکەیەك داوای لە باوکم کرد کە بێت بۆ دیلمان(دیلمان بارەگای جەنابی بارزانی لێبووە لەو کاتەدا)، باوکم تەشریفی برد بۆ لای جەنابی مەلا مستەفا، لەوێ جەنابی مەلا مستەفا داوای لە باوکم کردبوو کە دەستەیەك لە زانایانی ئایینی کوردستان ئەوانەی کە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی ناسرابوون، خۆیان ئامادە بکەن وەك شاندێك سەردانی سعودیە و چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبی بکەن، بچن لەوێ بە وردی واقیعی شۆڕشی کوردستان لە مەلیك فەیسەڵی پادشای سعودیە بگەیەنن، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق دەیەوێت بە چەکی عروبە و ئایینی ئیسلام لە شۆڕشی

**زەمینە سازی لەلایەن سەرۆکی کوردستانەوە بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر چارەنووسی کوردستان و بوونی کوردستان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دەبێت یەکێک بێت لە ئەولەویەتی هەنگاوەکانی ئەمڕۆ و دەبێت کوردستان ببێتە دەوڵەت، ئەوجا بیر لە شێوازی و میکانیزمی پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و دەوروبەر بکاتەوە**

**پێموایە نەک کاتی نەهاتووە بڕیاری سەربەخۆیی بدرێت، بەڵکو هەندێک کاتیشی بەسەردا گوزەر بووە و دەبوو پێشتر سەرۆکی کوردستان ئەم بڕیارە مێژووییەی بدایە، ئەو هەلومەرجەی ئێستا بۆ کورد رەخساوە، زۆر زۆر لە هەلومەرجەکانی سەردەمی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و هەروەها لەسەردەمی مەملەکەتەی شێخ مەحمودیش زۆر زۆر جیاوازە**

کوردستان بدات. بۆیە مەلا مستەفا داوای لەباوکم کرد کە بچن و نوێنەرێکی واقیعی شۆڕشی کوردستان بن، ئەوەبوو ساڵی ١٩٧٤ جەنابی باوکم و دەستەیەك لە زانایانی ئیسلامی چوونە سعودیە و پاش یەکدوو رۆژ جەنابی مەلیك فەیسەڵ پادشای سعودییەیان بینی، لەم دیدارەی مەلیك فەیسەڵ پشتیوانی و پشتگیری خۆی بۆ رێبەری نەتەوەیی کورد جەنابی مەلا مستەفا ناردبوو، هەروەها وتووێژەکانی نێوانیان بەکردەیی کاریگەری زۆری هەبوو وەك گوشارێك بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق دان بە مافەکانی نەتەوەی کوردا بنێت، هەر چەند رۆژێك دوای ئەو کۆبوونەوەی شاندی زانایانی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ مەلیك فەیسەڵ، وەزیری دەرەوەی سعودیە سەردانی میسری کردو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دیپلۆماسی پشتگیری شۆڕشی کوردستان بکەن، دوای ئەویش وەزیری دەرەوەی میسر سەردانی عێراقی کرد، مەسەلەکە هاتبووە سەر ئەوەی عێراقیش هەندێك نەرمی بنوێنێت، بەڵام دواتر ئەو پیلانە شومەی جەزائیری بەسەرداهات، لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەو کاتە زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەیانتوانی کاری دیپلۆماتی بۆ شۆڕشی کوردستان ئەنجام بدەن. لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە رۆڵی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان لەناوخۆی کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش ئەوەبوو، لەهەر ناوچەیەك دادگایەکی شەرعیان دامەزراندبوو بۆ ئەوەی کێشە و گرفتی رۆژانەی خەڵك چارەسەر بکەن، لەمەش زیاتر ئێمە لە ناوچەی بیارە بووین جەنابی باوکم بێجگە لەوەی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی زانایان بوو لە هەمانکاتدا بەرپرسی لقی دووی یەکێتی زانایان بوو، لەم لقەی یەکێتی زانایاندا هێزێکی چەکدار لە مەلاکان دروستکرابوو بۆ ئەوەی ئەگەر هێرش کرایە سەر ئەو ناوچانە مەلاکانیش وەك پێشمەرگە بچنە ناو شەڕەکە و بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، بۆیە گرنگە ئەوە بڵێم کە جەنابی مەلا مستەفا ئەو رێبەرەبوو کە جامع و شامل بوو، هەم بایەخێکی زۆری بە ئایینەکەی دەدا، هەمیش بایەخێکی زۆری بە پرسی نەتەوە و گەلەکەی دەدا و ریزێشی لە ئایینەکانی دیکە و نەتەوەکانی دیکەی ناو کوردستان دەگرت و جیاوازی لەگەڵ نەدەکردن.

*** ئەگەر سەبارەت بە رۆڵ و هەڵوێستی ئێستای زانایانی ئیسلامی کوردستان قسە بکەین، بێگومان دیارە هەموو کات رۆڵ و هەڵوێستی مامۆستایانی ئایینی بەرز بووە، بەڵام بۆ ئێستا کە دەمانەوێت پرسی سەربەخۆبوون بکەینە پرسێکی میللی، ئایا پێویستە لەم پرۆسە چارەنووسسازەدا رۆڵی مەلا و زانایانی ئیسلامی کوردستان چۆن بێت؟**

- بۆ ئەم قۆناخەی ئێستا ئەرکی مەلا بەڕێزەکان و زانایانی ئیسلامی کوردستان قورس و هەمەلایەنە، پێش هەموو شت لە ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی و وڵاتانی ئیسلامی غەیرە عەرەبی جۆرە هەستیارییەك بەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەیە، بۆیە گرنگە ئێمە لەم قۆناخە مەرجەعیەتێکی ئایینیمان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەو وڵاتانە قسە بکەن و واقیعی ئێستای کوردستانیان وەك خۆی بۆ روونبکاتەوە، ئەمەش واتە چۆن وەك مەرجەعیەتی ئایینی شیعەکان بتوانین ئەو رۆڵە بگێڕین، لە کاتێکدا مەرجەعیەتی ئایینی کوردستان نەتوانێت هیچ رۆڵێك بگێڕێت، ئەمە لەکاتێکدا لەکوردستان زانای ئایینی ئیسلامی ئەوتۆمان هەیە کە زۆر لە مەرجەعەکانی شیعە لەهەموو روویەکەوە باڵاترن، هەر بۆ نموونە جەنابی سەرۆکی کوردستان لەم یەك دوو رۆژەی رابردوو نامەیەکی ناردووە بۆ مەلا عەلی سیستانی کە ئێستا مەرجەعی شیعەکانە، ئێمە وەك لایەنێکی ئیسلامی لەسەردەمی رژێمی پێشوو رۆڵێکی ئەوتۆمان لێ نەبینیوە، تەنانەت هاوشانی مەرجەعەکانی دیکە وەك ئال حەکیم و ئال خالسیش و سەدرییەکان رۆڵی ئەومان نەبینیوە، بەڵام ئێستا گەورە کراوە و رۆڵی ئەوەی پێدراوە کە چارەنووسی عێراق دیاری بکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی حزبە شیعیەکان مەبەستیانە سوود لەم لایەنە وەربگرن، وێڕای بوونی ناکۆکی ناوخۆیان، هەروەها وێڕای رەتکردنەوەی فەتواکەی سیستانی لەلایەن مەرجەعیەتی سەرخیەوە کە شەوی چوارشەممەی رابردوو هەڵیان کوتایە سەر بارەگاکەی و چەندین کەس کوژارن و برینداربوون، بەڵام چونکە دەیانەوێت سوود لە سیستانی وەربگرن، سەیربکەن، هەموو پشتگیری دەکەن، بۆیە گرنگە ئێمەش سوود لەو لایەنە وەربگرین و پرسیاری من ئەوەیە بۆچی جەنابی سەرۆکی کوردستان نامە بۆ مەلاکانی کوردستان نانێرێت و لەگەڵ مەلاکانی کوردستان کۆنابێتەوە؟ کە من دڵنیام مەلاکانی کوردستان دەتوانن رۆڵی زۆر گەورەتر لە مەلاکانی نەجەف و کەربەلا بگێڕن، بەڵام لە چوارچێوەی یەکێتی زانایانی ئێستا و وەزارەتی ئەوقاف چالاکیەکانیان سنوردار کراوە و رۆڵی فیعلی خۆیان پێنەدراوە وەك ئەو رۆڵەی جەنابی مەلا مستەفا بە مەلا و زانایانی ئیسلامی کوردستانی دەدا. بۆیە لە ئێستادا پێویستە جەنابی سەرۆکی کوردستان هەمان رۆڵی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی بگێڕێت و دەستەیەکی باڵا لە مەلا و زانایانی ئیسلامی دابمەزرێنێت و ئەو دەستەیە لەژێر چاودێری خۆی بێت و بیانێرێت بۆ وڵاتانی ئیسلامی عەرەبی و غەیرە عەرەبی

**دەبێت شێوازی سیاسەت و دیپلۆماتیەتی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا بێت و بەپێی واقیعە تازەکە مامەڵە لەگەڵ توخمەکانی نێو هاوکێشەکە بکات و هەروەها ئەوانی دیکەش کە دەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکەن دەبێت بەپێیی ئەم واقیعە تازەیە سەیری کوردستان بکەن**

**پێکهاتەی جوگرافی کوردستان وا هەڵکەوتووە کە دەوروبەرمان بە حکومی ئەوەی هەر یەکەیان بەشێکی کوردستانی لە بن دەستە، پێیان خۆش نەبێت کوردستانی باشوور دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە کردن و سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە لەناوخۆی کوردستان لایەنی واهەبێت، کە حەز نەکات ئەوجا لەبەر هەر هۆیەک بێت، کوردستان ببێتە خاوەن کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ**

بۆ ئەوەی لەم ساتە وەختە مێژووییەدا رۆڵی خۆیان بگێڕن، ئەوجا بابێینە سەر رۆڵی مەلا و زانایانی ئایینی ئیسلام لە ئاستی ناوخۆ بۆ بە میللی کردنی پرسی سەربەخۆبوون، پێشنیاری من بۆ جەنابی سەرۆکی کوردستان ئەوەیە لەم مانگی رەمەزانە ئەوجا لە ئێوارە خوانێکی رۆژ و شکاندن بێت، یان لەیەکێك لەشەوانی قەدر لەگەڵ کۆمەڵێك لە مەلا و زانایانی ئیسلامی دیاری کوردستان کۆبێتەوە بۆ ئەوەی رۆڵی مەلا و زانایانی ئیسلامی کوردستان(مەلا و زانایانی ئایینی ئیسلامی هەر چوار پارچەی کوردستان) بە ئاستی ئەم پرسە چارەنووسسازە ئەکتیف بکرێت و فتوایەکی بەکۆمەڵ دەرکەن بۆ پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان، تەنانەت وێڕای ئەوەی ئەم پرسە بکرێتە وتاری رۆژانی هەینی، لەهەمانکاتدا زۆر گرنگە کۆمەڵێك مەلای مێزەر سپی سەردانی بەرەکانی پێشمەرگە بکەن و تەنانەت ئەگەر خوا هیدایەتمان بدات، کۆمەڵێك لە مەلاکانی کوردستان خۆیان خۆبەخش بچنە ریزی پێشمەرگە و لە سەنگەرەکانی بەرگریدا پێشنوێژی بۆ پێشمەرگە بکەن و هاوشانی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی بەرگریدا بن، من ئەو پرسیارە لە هەموو براکانم لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم، کاتێك مەلایەکی مێزەر سپی لە سەنگەرەکانی پێشەوە، هاوشانی پێشمەرگە لەسەنگەردا بێت و پێکەوە پارشێو بکەن و پێکەوە رۆژ و بشکێنن و پێکەوە نوێژەکانیان بکەن، ئایا چ هێزێك دەتوانێت بەرامبەر ئەم هێزەی پێشمەرگە ببێتەوە.


هەموو ئەمانە پێویستی بەرۆڵی شەخسی جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان هەیە و ئەم کارە تەنیا بەخۆی دەکرێت، لەبەر ئەوەی جەنابی کاك مسعودیش بە هاوشێوەی جەنابی بارزانی بێجگە لەوەی کە خۆی پیاوێکی ئایین پەروەرە لە هەمانکاتدا رێزێکی زۆر گەورە لە ئایین و مەلا و زانایانی ئایینی ئیسلام دەگرێت، بۆیە گرنگە لەم مانگی رەمەزانە سەردانی موسڵمانان لەناو مزگەوتەکان بکات و نوێژ لەگەڵ موسڵمانان بکات، هەروەها ئەگەر جەنابی دەرفەتی هەبێت و بۆی بکرێت، بەڕاستی پێمخۆشە لەناو یەکێك لە نوێژەکانی هەینی جەنابی سەرۆکی کوردستان لەناو یەکێك لە مزگەوتەکانی کوردستان لەناو موسڵماناندا ببینم. ئەمە وادەکات کە هەموو مەلایەکی کوردستان لەناو خەڵك خۆی بە نوێنەری سەرۆکی کوردستان بزانێت. لەمەش زیاتر من پێشنیار دەکەم هەموو مەلایەکی کوردستان، لە مینبەری مزگەوتەکەی خۆیەوە جاڕی بەرگرییەکی میللی بدات و با خۆشیان رێبەرایەتی ئەو بەرگرییە میللییە بکەن.



- ■ عەبدولڕەحمان شێخ عوسمان عەبدولعەزیز تەنها کوڕی لەژیاندا ماوی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیزە.
- ■ لەدایك بووی ١٩٦١ پریس هەڵەبجە.
دەرچووی دیراساتی ئیسلامی لە هەڵەبجە.
- ■ لەگەڵ ئیعلان کردنی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان ساڵی ١٩٨٧ لە خزمەتی بابی دابووە بە بێ دابڕان تاکو ساڵی ١٩٩٨.
- ■ لە ساڵی ١٩٩٨وە بەتەواوی لەکاری حیزبی دوورکەوتووەتەوە لەو ماوەیەدا لە زۆربەی کاروچالاکی ناوخۆو دەرەوە بەشداری کردوە و لەگشت گەشتە کانی دەرەوەی جەنابی مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز دا ئامادەبووە.
- ■ نزیکەی دوو ساڵ نوێنەی بزووتنەوەی ئیسلامی بووە لە تورکیا.
- ■ دامەزرێنەری یەکەمین رێکخراوی خێرخوازی کوردە بەناوی دەزگای کارگوزاری و فریاکەوتنی ئیسلامی لە کوردستان و ئەمینداری گشتی ئەو دەزگایەیە.

### دوای گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم

# کلتوری پێکەوەژیان مەترسیی تیرۆر و کێشەی مەزهەبی نەهێشتووە



کەرکوك ئەگەر هەتا ئێستا لەرووی سیاسییەوە بە دڵی کوردستان ناو زەد کرابێت، ئەوە لەمڕۆ بەدواوە دەبێتە دڵی کوردستان بۆ پیشاندانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و پاراستنی فرەیی ئایینی و نەتەوەیی و سیاسیی لە کوردستاندا، بەڕێز سەرۆکی کوردستان لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ کەرکوك تەواوی پێکهاتەکانی کەرکوکی دڵنیاکردەوە و پێی ڕاگەیاندن لە ئێستاوە چاوەڕێی سەخاوەتی سیاسەتی حکومڕانی کوردستان بن، ئەمەش مانای ئەوەیە گەڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان واتە گەڕانەوەی کەرکوکە بۆ ناو کەلتوری پێکەوە ژیان و یەکتری قبوڵ کردن و پاراستنی سیمای فرەیی و ئایینیی و نەتەوەیی، لەمەش زیاتر گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکە بۆ ناو حکومڕانی کوردستان، واتە زیادبوونی نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکان لە پەرلەمانی کوردستان و شادبوونی پێکهاتە جیاوازەکان بەو مافانەی کە لەدەستووری کوردستاندا دیاری کراوە، لەمەش زیاتر دەنگدانیان دەبێت بەو دەستوورەی کە کۆتایی بە جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی کوردستان دەهێنێت.

لەمیانەی بەسەرکردنەوەی تیمی گۆڤاری گوڵان بۆ شاری کەرکوك، بەڕێز محەمەد کەمال بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد هێزی پێشمەرگە توانیوویەتی ئارامی و ئاسایشی کەرکوك بپارێزێت و نەیهێشت دوای هەرەسهێنانی سوپای عێراق ئاڵۆزی و ناسەقامگیری دروست بێت، سەبارەت بە ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکوکیش بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد، کەرکوك بەپێی هەموو دیکۆمێنتەکانی عوسمانی و بەریتانی و ئەوروپایی و روسی بەخاکی کوردستان دادەنرێت، خەڵکی رەسەنی کەرکوك پێکدێت لەکورد و تورکمان و سریانی و عەرەب، بەدرێژایی مێژوو هەتا سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و تێکدانی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك دەستی پێنەکردبوو، ئەم شارە شاری پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن بووە، لە کەرکوکدا چەندین زمانی جیاواز بوونی هەیە، هەموو پێکهاتەکان لەیەکتری تێدەگەن و بەزمانی تایبەتی خۆیان وەڵامی یەکتری دەدەنەوە، بۆیە هەموو کات کەرکوك بەشێك بووە لە کوردستان و لەماوەی دوو دەیەی رابردوو ئەمە سێهەمین جارە کە کەرکوك دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دیارە بێجگە لەم جارە لە بەهاری ١٩٩١ هاوشانی شارەکانی کوردستان، ڕاپەڕین و ئازادکردنی کەرکوك تاجی خستە سەر سەری ڕاپەڕین و لە ساڵی ٢٠٠٣یش لەپرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، هێزی پێشمەرگە ٧٢ کاتژمێر پێش هێزەکانی ئەمریکا ئەم شارەی رزگار کرد، ئەوجا سەبارەت بە ناسنامەی کەرکوك، فرەیی کۆمەڵگەی کەرکوك لایەنی کوردی هیچ گرفتێکی نییە و هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوك وەك هاووڵاتی کوردستان سەیر دەکات، هەربۆیە کاتێك پرسی کەرکوك لە یاسای کاتی قۆناخی ئینتیقالی بەسترایەوە بە ماددەی ٥٨ و لە دەستووری عێراقدا بەسترایەوە بە ماددەی ١٤٠ سەرکردایەتی کورد رازی بوو، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دەستووری و دیموکراتیانە کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکە بگەڕێنەوە سەر کوردستان، هەروەها لەوەش پشت ئەستور و دڵنیابوو ئەگەر لە هەر بارودۆخێکدا ڕاپرسی ئەنجام بدرێت، ئەوا زۆرینەی زۆری کەرکوکیەکان بە کورد و تورکمان و کریستیان و عەرەبە رەسەنەکانی ئەو شارە دەنگ بۆ ئەوە دەدەن بگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەشی لەدوای ٩ی حوزەیرانەوە هەموو عێراق بەخۆیەوە دەبینێت و ئێستا هێزی پێشمەرگە ئاسایش و سەقامگیری کەرکوك دەپارێزێت، محەمەد کەمال ئاماژەی بەوەکرد ئەمڕۆ بارودۆخەکە لەگۆڕانکاری گەورەو خێرادایە، ڕۆژی ٩ی حوزەیران قۆناغێکی نوێیە لەمێژووی کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا، قۆناغێکە دەرئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتی ناوەندی و زاڵبوونی کلتووری تاکڕەویی عێراقی بەرۆژێك گەیاند کە تیرۆریستان فرسەتیان قۆزتەوەو پەلاماری تەواوی ناوچە سوننە نشینەکانیان داو لەمەشدا زۆر لەچەکدارانی دیکە لەم ناوچانە پاڵپشتیان لێکردن و سوپای عێراقیش لەبەردەمیان شکستیان هێنا یا ئامادەنەبوون شەڕ بۆ سوپایەکی تائیفی بکەن، چونکە ئەم دۆخەی لەناوچە سوننە نشینەکان ڕوودەدات چەند دیوێکی هەیە، تەنیا تیرۆر نییە مەسەلەی تیرۆریستان تەنیا قۆزتنەوەی ئەو هەلە بوو کە لەدەرئەنجامی هەڵەکانی مالیکی و تائیفەگەریی عێراقی بەم دەرئەنجامە گەیاند، ئەوە نارەزایەتی عەرەبی سوننە بوو کە وایکرد دژ بە تیرۆرستان بەرگریی لەشارەکان نەکەن، بەڵام بارودۆخەکە لەکەرکوك و زۆر لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم جیاواز بوو، چونکە بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان ئەمریکاو عێراق و کورد لەم ناوچانەدا هێزی هاوبەش لە پێشمەرگەو سوپای عێراق و هێزە ئەمریکیەکان جێگیر ببوون، لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش هێزی هاوبەش لەم ناوچانە مانەوە، کاتێکیش تیرۆریستانی داعش و گرووپە چەکدارەکان بەرەو تەواویی ناوچەکان کشان و سوپای عێراق رووخابوو، پێشمەرگە دووبارە سەروماڵی هاووڵاتیانی پاراست و پارێزگاری لەسەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینزاکانی ئەم ناوچانە کردوو ڕێگای نەدا بارودۆخەکە بەهاوشێوەی موسڵ و تکریت و دیالەو رومادییە وێران بێت و بەهەزارەها خێزانی کوردو عەرەب و تورکمان کلدو ئاشور دەربەدەر نەبن. پێشمەرگە بەبێ جیاوازیی بەرگریکار و پارێزگاری

**لەدوای ڕووداوەکانی ٦/٩ پێکەوەژیانی نەتەوەو ئایینزاکان لەشاری کەرکوک لەوپەڕی بەهێزیدا دەرکەوت، ئەمەش دوای ئەوەی هەموو بە یەکریزی و یەکهەڵوێستی ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بوونەوەو ڕێگایان نەدا شارەکەیان ببێتە مۆڵگەی تیرۆرستان**


لەپێکهاتەکانی کوردو عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشور کرد، تەنانەت دەستی یارمەتی پێشکەش بە سەدان خێزانی عەرەب و تورك و کریستیان کردووە کە لە دەست شەڕو پێکدادانەکانی نێوان گرووپە تیرۆریستەکان و سوپای عێراق روویان لەم ناوچە ئارامانە کردووە.

بۆ دڵنیایی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوك، بەڕێز مسعود بارزانی سەردانی کەرکوکی کرد و وێڕای ئەوەی لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکان کۆبۆوە بۆ دڵنیابوون لەسەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە، بەڵام سەرۆکی کوردستان لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوك کۆبۆوەو دڵنیای کردنەوە کە کوردستان پارێزەری هەموو پێکهاتەکان دەبێت و هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان مافەکانیان پارێزراو دەبێت، سەبارەت بەم سەردانەی سەرۆکی کوردستان، بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی خستەڕوو: ((بەهاتنی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و هێزی زیاتری پێشمەرگە بۆ کەرکوك و ئەو بەڵێنانەی سەرۆکی کوردستان بەخەڵکی کەرکوکی دا، ئارامی و متمانەی بەخشییە خەڵکەکەو دڵەڕاوکێی خەڵکی بە هەموو پێکهاتەو خێزانە کوردو عەرەب و تورکمان و کریستیانەکان لە ئەگەری تێکچوونی دۆخەکە رەوییەوەو، بەپێچەوانەشەوە گەر پێشمەرگە نەبووایە بارودۆخەکە بەتەواوەتی تێك دەچوو زۆرینەی خەڵکی کەرکوك بەهەموو پێکهاتەکانیەوە بەهاوشێوەی موسڵ و ناوچەکانی تر شارەکەیان چۆڵ دەکردو وەکو کۆڕەوەکە ئاوارە دەبوون، هەروەها سەرۆکی کوردستان پێی راگەیاندن «کەرکوك دەبێت ببێتە گۆڕستانی دوژمنانی کەرکوکیەکان و تەماعکاران» ئەمە ئەو پەیام و بەڵێنە بوو کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بەخەڵکی کەرکوکی بەبێ جیاوازی نێوان پێکهاتەکانی کوردو عەرەب و تورکمان و کریستیانەکانی دا. تەنانەت دوای ئەم سەردانە وایلێهات بەرپرس و کەسایەتیەکانی عەرەبی و تورکمانی و کریستیان پێوەندییان پێوە دەکردم دەیانوت داوا لەوەزیری پێشمەرگەو فەرماندەکانی پێشمەرگە بکە بۆ ئەوەی پێشمەرگە بگەیەنرێتە فلان ناوچە چونکە هێزی پێشمەرگەی لێ نییە، هەر بۆیە ئەم بارودۆخە بەبۆچوونی زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێویستی بەچارەسەرێکی یەکجاریی و جددی هەیە، پەرلەمانی کوردستان پێویستە بڕیاری چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەی هەبێت و پاڵپشتی لەهەموو راوبۆچوون و بڕیارێکیش بدات کە چارەنووسی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی کوردستان دیاری دەکات، پێویستە پەرلەمانی کوردستان بەزووترین کات یاسای هەڵبژاردن و کۆمسیۆنی باڵا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و راپرسی لە کوردستان پەسەند بکات.

**گەر پێشمەرگە نەبووایە بارودۆخەکە بەتەواوەتی تێک دەچوو زۆرینەی خەڵکی کەرکوک بەهەموو پێکهاتەکانیەوە بەهاوشێوەی موسڵ و ناوچەکانی تر شارەکەیان چۆڵ دەکردو وەکو کۆڕەوەکە ئاوارە دەبوون**

بەڵام ئایا نوێنەرانی عەرەب لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك چۆن پێشوازی لەم بارودۆخە دەکەن و تاچەند هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکەن، بۆ ئەمەش بەڕێز محەمەد خەلیل نوێنەری عەرەب لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك وێڕای ئەوەی سوپاس گوزرای خۆی بۆ سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە پیشاندا، لە هەمانکاتدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هێزی پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانیە و بەشێکە لە مەنزومەی بەرگری عێراق، بۆیە هاتنەکەی هەم دەستوورییە و هەمیش یاساییە بۆیە ئێمە پێشوازی لێدەکەین و لەمبارەوە گوتی: (لەدوای رووداوەکانی ٦/١٠ـەوە بارودۆخی ئارامی و ئاسایشی پارێزگاکانی نەینەواو دیالەو سەلاحەدین و ئەنبار بەرەو خراپی چووەو زۆربەی ناوچەکانی ئەم پارێزگایانەش لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە لەناویشیاندا گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) داگیرکران، لەگەڵ کەوتنەوەی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزو پڕ لەمەترسییە، بەڵام دۆخی پارێزگای کەرکوك سەقامگیر بوو، ئەمەش بەپاڵپشتی سیاسییەکان و هێزەکانی پێشمەرگەو توانا ناوخۆییەکانی ئەمنی پارێزگاکە، بۆیە سوپاسی پێشمەرگەو هەوڵەکانی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەین لەو رۆڵەیەی کە ئەنجامیاندا لە پارێزگاریکردنی کەرکوك، هەربۆیە بوونی پێشمەرگە لەپارێزگای کەرکوك و ئەو ناوچانەی دیکەی ناسراو بەناوچە کێشە لەسەرەکان بەبوونێکی یاسایی و دەستووریی و ئاسایی دادەنرێت چونکە هێزەکانی پێشمەرگە لەناو مەنزومەی سوپای عێراقدان و لەگەڵ بوونی کەلێن و پاشەکشەکردنی یەکەکانی سوپای عێراقی حاڵەتێکی زۆر سروشتی و ئاساییە ئەو هێزانە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی و سەربازیی روو لەم ناوچانە بکەن و پارێزگاری لەسەرو ماڵی هاووڵاتیان بکەن. وابزانم ئەمە یەکەمجاریش نییە هێزی پێشمەرگە بێنە ناو شاری کەرکوکەوە، بەڵکو لیوایەکی پێشمەرگەش پێشتر بەشێوەیەکی بەردەوام لەکەرکوکدا بوون و ئێمە ئاگادارییی ئەو مەسەلەیە بووین. کەواتە بوونی پێشمەرگە لەپارێزگای کەرکوك بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان بووە بەتایبەتی دوای کشانەوەی فیرقەی ١٢ی کەرکوك، هەر ئەمەش بوو وایکرد خەڵکی بەهاوشێوەی ناوچەکانی تری عێراق کۆچیان نەکرد. هەربۆیە ئەرکی پێشمەرگەیە کە پارێزگاری لەکەرکوك بکات و بەرگریی لێبکات. چونکە ئەگەر پێشمەرگە داخڵ بە کەرکوك نەبوونایەو بەرگرییان لەم شارە نەکردایە، شاری کەرکوك و تەواویی پارێزگاکەش وەکو ئەو پارێزگایانەی لێدەهات کە لەلایەن داعشەوە دەستی بەسەردا گیراوە. ئێمە وەکو کوتلەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك رۆڵی پێشمەرگە وەکو بەشێك لەمەنزومەی سوپای عێراق بەرز هەڵدەسەنگێنین و سوپاسیان دەکەین.))

هەروەها هەر لەمیانەی ئەم سەردانەدا بەڕێز نەجات حوسێن نوێنەری گرووپی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك پێیی راگەیاندین؛ چارەنووسی نەتەوەی کوردو تورکمان لەسەر ئەم خاکە هاوبەشەو پاراستنی تەواویی ناوچە تورکمان نشینەکان هەر لەسەعدییەو جەلەولاوە تا کەرکوك و مەخمور و تەلعەفەر، ئەرکی سەرشانی هەموومانە. لەمبارەوە بەمجۆرە باری سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (لەدوای رووداوەکانی ٢٠١٤/٦/٩و ئەو رۆژە سەختانەی بەدوایدا هات، پێکەوەژیانی نەتەوەو ئایینزاکان لەشاری کەرکوك لەوپەڕی بەهێزیدا دەرکەوت، ئەمەش دوای ئەوەی هەموو بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی رووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بوونەوەو رێگایان نەدا شارەکەیان ببێتە مۆڵگەی تیرۆرستان، ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پێویستیمان بەوە هەیە پێکەوەژیان بەهێزترو پتەوتری بکەین، چونکە پێکهاتەکانی کەرکوك پێویستیان بەو یەکڕیزییە هەیە تاوەکو رووبەڕووی تیرۆرستان ببنەوە. تیرۆرستانی داعش تەنیا ئامانجیان پێکهاتەو دەسەڵاتێك نییە، بەڵکو ئامانجیان هەموو پێکهاتەکانی عێراقە بەکورد و عەرەبی سوننەو شیعەو تورکمان و کریستیانیشەوە، راستە ئەوان بەرواڵەت لەمیدیاکانەوە دژایەتی خۆیان بۆ مەزهەبی شیعە دەردەبڕن، بەڵام بۆیان بگونجێت هەر ئەمڕۆ پەلاماری کوردیش دەدەن، بۆ نموونە لەناوچە کوردییەکان لەقەرەقۆش چییان بەرامبەر هاووڵاتیانی کریستیان کرد، لەسەعدییەو جەلەولا چۆن هەڕەشەیان لەکورد کردوو ماڵە کوردەکان دەربەدەر بوون. داواکارم لەسەرکردایەتی کورد کار بۆ یەکڕیزی و پتەوکردنی ئەو پێوەندیی و پێکەوەژیانە بکات لەناوچەی کەرکوك تاوەکو رووبەڕووی تیرۆریستان ببینەوە، راستە هێزی پێشمەرگە توانی کەرکوك و تەواویی ئەم ناوچانە لەهاتنی داعش و گرووپە چەکدارەکانی تر بپارێزێت، بەڵام خۆ ناکرێت رووبەرێکی وا فراوان هەر لەجەلەولاوە تا دێتە کەرکوك و لێرەوەش تا دەگاتە شنگار و تەلعەفەر بپارێزین بێ بوونی ئەو پێکەوەژیانەو لێکتێگەیشتنە، لەکاتێکدا لەبەرامبەردا چەندین دەوڵەت یارمەتی پێشکەش دەکەن، ئەمڕۆ دەوڵەمەندترین و پڕچەك ترین گرووپی تیرۆرستی لەعێراقە، تەنانەت چەکی پێشکەوتووی ئەمریکاشیان دەست کەوت دوای ئەوەی فیرقەو لیواکانی عێراق بەبێ شەڕ چەکەکانیان فڕێداو بەجێیان هێشت، هەربۆیە شەڕی تیرۆر هەموو عێراقی خستۆتە مەترسییەوە، گرووپە تیرۆریستەکان ٩ ساڵە لەهەوڵی تێکچوونی پێوەندیی نێوان پێکهاتەکانی عێراقن، هەر بۆیە لەم قۆناخە هەستیارەدا چارەنووسی نەتەوەی کوردو تورکمان لەکەرکوك و تەواویی ناوچە تورکمان نشینەکان هاوبەشە، هەروەکو چۆن رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان ئەرکی سەرشانی هەموومانە)).




**محەمەد کەمال** بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

**ئەم دۆخەی لەناوچە سوننە نشینەکان روودەدات چەند دیویکی هەیە، تەنیا تیرۆر نییە مەسەلەی تیرۆریستان تەنیا قۆزتنەوەی ئەو هەلە بوو کە لەدەرئەنجامی هەڵەکانی مالیکی و تائیفەگەریی عێراقی بەم دەرئەنجامە گەیاند**



**محەمەد خەلیل** نوێنەری عەرەب لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بۆ گوڵان:

**بوونی پێشمەرگە لەپارێزگای کەرکوك و ئەو ناوچانەی دیکەی ناسراو بەناوچە کێشە لەسەرەکان بەبوونێکی یاسایی و دەستووریی و ئاسایی دادەنرێت**



**نەجات حوسێن** نوێنەری گرووپی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بۆ گوڵان:

**چارەنووسی نەتەوەی کوردو تورکمان لەکەرکوك و تەواویی ناوچە تورکمان نشینەکان هاوبەشە، هەروەکو چۆن رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان ئەرکی سەرشانی هەموومانە**

# پاساوە ژینگەییەکان بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

مافی ئەوەی لەژینگەیەکی سەلامەتدا بژیت، مافی تاکەو مافی کومەڵگەشە، دەوڵەتانیش پابەندبوونی یاساییان هەیە لەپاراستنی ئەم مافەدا، هەر کەمتەرخەمییەکیش لەلایەن هەر دەوڵەتێکەوە، زیان بەهەموو دەوڵەتانی دی دەگەیەنێت.

ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەژینگە، بنەمای یاسای نێودەوڵەتین بۆ پاراستنی ژینگە، بەپێی ئامارە بەراییەکان نزیکەی (٥٠٠) پەیماننامەو ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بەژینگە هەن، کە(٣٢٣)یان مۆرکێکی هەرێمایەتییان هەیەو، تەمەنی (٦٠٪)یان دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی (١٩٧٢)ئەو ساڵەی کەتیایدا کۆنگرەی ستۆکهۆڵم بەستراو، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە(یونیپ) دامەزرا بەپێی بڕیاری (٢٩٩٧)(د- ٢٧)لە (١٥) دیسەمبەری(١٩٧٢)، کاری سەرەکی (یونیپ)یش پابەندکردنی دەوڵەتانە بە جێبەجێکردنی پلانەکانی تایبەت بەژینگە.

هەرێمی کوردستان وەك بەشێکی بەزۆرلکێنراو بەعێراقی دوای یەکەم جەنگی جیهانیەوە، ناتوانێت لەچوارچێوەی ئەم عێراقەدا ئەو پابەندبوونە وەك خۆی جێبەجێ بکات، بۆیە لەپێناو پاراستنی تاکە لانکەی مرۆڤایەتی کەئەم گۆی زەوییەیەو، کەچیای گوتی(جودی) لەسەردەمی نوحەوە بۆتە لانکەی دووەمی مرۆڤایەتیی بۆیە:

کوردستان پێویستیی بە سەربەخۆییە لەبەر ئەم پاساوە ژینگەییانە:

یەکەم: لە ڕابردوودا ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق زۆرترین جەنگ و شەڕیان لەناوچەکەدا هەڵگیرساندووە، تا گەیشتە داگیرکردنی کوێت و، هەر بەهۆی ئەم کارەی عێراقەوەو، لەسەر داوای کوێت لەساڵی (٢٠٠١)ەوە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی (٦)ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێکی کردۆتە ڕۆژی جیهانی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ژینگە لەجەنگدا، چونکە نەتەوە یەکگرتووەکان لای وایە ئەو زیانانەی بەر ژینگە دەکەون لەکاتی ململانێی سەربازیدا، دەبنە هۆی تێکدانی سیستمی ئیکۆلۆژیی و لەناوبردنی دەرامەتە سروشتییەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەنی دوای تەواوبوونی جەنگ، بەجۆرێك کە زیانەکانی هەمووجیهان و گشت نەوەکان دەگرێتەوە.

قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی کوێت لەلایەن عێراقەوە بە(٥٢) ملیار دۆلار دیارکراوەو، عێراق(٤١) ملیار دۆلاری داوەتەوەو، بڕی (١١) ملیار دۆلاریشی لەسەر ماوە کەتا ساڵی (٢٠١٥) دەبێت بیگێڕێتەوە بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بۆ نموونە: لەجەنگیی نێوان عێراق و ئێراندا (١٩٨٠

- ١٩٨٨)کە هەشت ساڵی خایاند، وێڕای ئەوەی کە نزیکەی یەك ملیۆن کەسی کردە قوربانیی، بووە هۆی زیان گەیاندنێکی دارایی کە بە نزیکەی (١,٢)تریلیۆن دۆلار دەخەملێنرێت.

ئەمە وێڕای جەنگیی کەنداوی دووەم (١٩٩٠ - ١٩٩١) ی ناسراو بە(گەردەلوولی بیابان) بۆ رزگارکردنی کوێت لەدەست سوپای عێراق، کەتیایدا نزیکەی (٦١٠٠٠) تۆن بۆمبی هێشوویی و زیرەکی تێدا بەکارهێنرا.

هەروەها لەجەنگی رزگارکردنی کوێتدا، عێراق زۆربەی بیرە نەوتەکانی تەقاندەوەو رۆژانە نزیکەی(٦)ملیۆن بەرمیل نەوت بەفیڕۆ سووتاوە، هەروەها نافورەی بیرە نەوتی تەقێنراوی نەسووتاویش بەبڕی (٤٠) هەزار بەرمیل رژاوە کەنزیکەی (٢٤٠) دەریاچەی نەوتیی دروست کردووە بەقووڵیی (١) مەتر لەرووبەرێکدا کەنزیکەی (٥٠) کیلۆمەتر دووجا بووە.

لەسەر ئاوی کەنداویش نزیکەی (١٢٨) پەڵە نەوت دروست بوو کەدرێژی هەریەکەیان نزیکەی (١٣٠) کم و پانیی هەریەکەشیان (٢٥)کم بووە.

دووکەڵی ئاگری بیرە نەوتە سووتاوەکانیش گەیشتە سەر نیمچە دوورگەکانی هندستان و، بوو بەمایەی ترشە باران و زیان گەیاندن بە ژینگەی تەواوی ناوچەکە.

گوناهی کوردستان چییە باجی ئەم هەموو هەڵە گەورانە بدات لەکاتێکدا کەدەستی لەدروستکردنیاندا نەبووە؟

دووەم: عێراق بەپێچەوانەی (رێککەوتننامەی ئۆتاوا) کە رێککەوتننامەیەکی جیهانییە بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین، لەسالآنی شەستەکان و حەفتاکاندا حکومەتی ناوەندیی لە دژی شۆڕشەکانی گەلی کوردستان ژمارەیەکی زۆری لە مین لە کوردستاندا چاندووە، پاشان لە سالآنی نێوان (١٩٨٠ - ١٩٨٨)داو لە شەڕی عێراق و ئێراندا ملیۆنەهای تر چێندراون، ئەمە جگە لە شەڕی عێراق هاوپەیمانان لە ساڵی (١٩٩١) کە ژمارەیەکی زۆری دی هاتوونەتە چاندن لە مینی جۆراوجۆر، لەم هەموو ماوەیەشدا ئەم کارە پێشێلکردنێکی ئاشکرای (رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین) بووە.

بەپێی ئامارەکانی (دەستەی نیشتمانیی بۆ کاروباری مین)یش لە عێراقدا نزیکەی (١٠٢٣٢)کێڵگەی مین هەیە کە نزیکەی (٣٧٨٢)کێڵگەی لە کوردستانی عێراقدایە.

سێیەم: سەبارەت بەمادده تیشکاوەرەکانیش رژێمی پێشووی عێراق بڕێکی بەرچاوی لەو ماددانە بەکارهێناوە لە هەندێك دامەزراوەی تایبەتدا.

مادده تیشکاوەرەکان مەترسیی گەورەیان هەیە لەسەر پیسبوونی ژینگەو تەندروستی مرۆڤ بۆماوەی زۆر درێژخایەن، چونکە ئەم ماددانە لە ماوەیەکەی زۆر درێژدا کاریگەریی توخمە تیشکاوەرەکانیان لە کار دەکەوێت کە بە نیوەی تەمەن (Half Time) دەناسرێت و، جاری وا هەیە بە سەدان ساڵ دەخایەنێت.

دامەزراوەی (تووەیسە) دیارترین پرۆژەی ئەتۆمیی عێراق بوو، ئەگەرچی عێراق بە شێوەیەکی گشتی لە پێش ساڵی(٢٠٠٣)دا لە نزیکەی (١٨) دامەزراوەی سەربازیی و مەدەنیدا ماددەی تیشکاوەری بەکار دەهێنا بۆ بواری زانستیی و سەربازیی و تەندروستی.

ئەوەی جێگەی مەترسیی بێت ئەوەیە کە ئەو ماددانە رۆڵێکی زۆریان هەبوو لە زیادکردنی جۆرەکانی نەخۆشیی شێرپەنجە لە عێراقدا، بە جۆرێك کە نەخۆشیی شێرپەنجەلە عێراقدا تا ساڵی (١٩٨٩) لە پلەی حەوتەمدا دەهات لە نێو نەخۆشیەکاندا، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٣) بەدواوە بە پلەی چوارەم دێت.

چوارەم: جەنگەکانی عێراق دژ بەکورد هەمیشە رۆڵی هەبووە لەتێکدانی ژینگەی کوردستان و، کۆنکرێتکردنی کانیاوەکان و سووتاندنی دارستان و پاوانەکان و، رووخاندنی هەزاران گوند، کەئەمانەش هەڕەشە بوون لەسەر پاراستنی هاوسەنگیی لەهاوکێشەی ژمارەی دانیشتووانی شارو لادێ، کەبابەخێکی یەکجار گرنگی هەیە لەبواری ژینگە پارێزیدا، چونکە ئەو هاوکێشەیە پێوەندیی هەیە بەدابەشکردنی دانیشتوان بەسەر رووبەرە جیاکاندا بەپێی قەبارەی دەرامەتە جۆراوجۆرەکانی ژینگە.

بەگەڕانەوە بۆ ئامارەکانی زیاتر لەچل ساڵی لەمەو پێش، بەشێوەیەکی دیارتر بۆ ئاماری ساڵی (١٩٦٥) دەردەکەوێت کە ئەوسا رێژەی سەدیی دانیشتوانی گوندو لادێ لەچاو رێژەی تەواوی دانیشتوانی پارێزگاکان لەهەرێمدا، رێژەیەکی بەرز بووەو بەم جۆرەی لای خوارەوە:

سلێمانی ٥٨ ٪     هەولێر ٦٢ ٪     دهۆك ٦٧ ٪

بەوەرگرتنی تێکرای ئەو رێژانەی سەرەوە دەردەکەوێت کەزیاتر لە (٦٢ ٪)ی دانیشتوانی سێ پارێزگاکەی ئێستای هەرێم دانیشتووی گوندو لادێ بوونە.

پێنجەم: لەگەڵ ئەوەی رێککەوتننامەی (رامسار)ساڵی (١٩٧١)ی تایبەت بەپاراستنی زەوییە شێدارەکان و باڵندە ئاوییەکان، داوا لەدەوڵەتان دەکات ئەو ناوچانە بپارێزن، کەچی عێراق زۆربەی ئەو زۆنگاوانەی باشووری عێراقی وشککرد.

شەشەم: لەگەڵ ئەوەی رێککەوتننامەی پاراستنی کەلەپووری جیهانیی ساڵی(١٩٧٢)، داوا لەوڵاتان دەکات، ئەو ئاسەوارانەی موڵکی جیهانن بێنە پاراستن،

**جەنگەکانی عێراق دژ بەکورد هەمیشە رۆڵی هەبووە لەتێکدانی ژینگەی کوردستان و، کۆنکرێتکردنی کانیاوەکان و سووتاندنی دارستان و پاوانەکان و، رووخاندنی هەزاران گوند، کەئەمانەش هەڕەشە بوون لەسەر پاراستنی هاوسەنگیی لەهاوکێشەی ژمارەی دانیشتووانی شارو لادێ، کەبابەخێکی یەکجار گرنگی هەیە لەبواری ژینگە پارێزیدا**

**حکومەتی ئێستای عێراق نەیتوانیوە ئاشتیی لەوڵاتدا بەرقەرار بکات و، شەڕی نێوخۆییش بەردەوامیی هەیە، لەشەڕیشدا ژینگە قوربانییە، بۆیە رووبەری سەوزایی لەعێراقدا روو لەکەمبوونەو، دیاردەی بەبیابانبوون روو لەهەڵکشانەو، دیاردەی رەشەبای خۆڵاویش روو لەزیادبوونە**




**حەزکردنی کورد بەئاو و ئاوەدانیی و بنیاتنانی پارک و باخچەو، پارێزراوە سروشتییەکان و جوانکاریی، هۆکارن بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست**

بەڵام بینیمان عێراق قەڵای کەرکوکی رووخاندو کردییە سەربازگەو، دەروازەی قەڵای هەولێری شێواندو بەشێوازێکی دی دروستی کردەوەو، زۆرێك لەو کەلەپوورە جیهانیانەی لەعێراقدا هەن، تاڵانی کردو لەبازاڕی رەشدا فرۆشتی

حەوتەم: لەگەڵ ئەوەی رێککەوتننامەی بایۆدایڤێرسیتی ساڵی (١٩٩٣) داوای پاراستنی زیندەجۆرەکان دەکات، بەڵام عێراق، بە پرۆژە سەربازییەکانی و بەپشتگوێ خستنی یاسای راو، زۆرێکی لەو پەلەوەر و رووەکانە لەنێوبرد.

هەشتەم: لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنان و هەڵگرتن و کڕین و فرۆشتنی مادده کیمیاوییەکان قەدەغە بوو، بەڵام عێراق بەچەکی کیمیاوی، هەڵەبجەو بالیسان و دەیان ناوچەی دیکەی کوردستانی وێران کردو، ژینگەی کوردستانی تووشی زیانی زۆر گەورە کرد کە تائێستاش ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی دیارن

حکومەتی ئێستای عێراق و کێشە ژینگەییەکان:

یەکەم: حکومەتی ئێستای عێراق نەیتوانیوە ئاشتیی لەوڵاتدا بەرقەرار بکات و، شەڕی نێوخۆییش بەردەوامیی هەیە، لەشەڕیشدا ژینگە قوربانییە، بۆیە رووبەری سەوزایی لەعێراقدا روو لەکەمبوونەو، دیاردەی بەبیابانبوون روو لەهەڵکشانەو، دیاردەی رەشەبای خۆڵاویش روو لەزیادبوونە.

دووەم: سیاسەتی ژینگەیی پشتگوێ خستووە بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکانی، چونکە سیاسەتی ژینگەیی تەندروست پێویستیی زۆری بە ژینگەی سیاسیی تەندروست هەیە.

سێیەم: نەیتوانیوە رێژەی هەژاریی و بێکاریی کەم بکاتەوە بۆ ئاستە بێ زیانەکان، بۆیە لەباروودۆخێکی ئاواشدا زۆر زەحمەتە قسە لەسەر ژینگەو گەشەپێدان بکەین، چونکە پاراستنی ژینگە وەك چەمکەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و...تاد، پێویستی زۆری بە کۆمەڵگەیەك هەیە کەلای کەمی پێداویستیە سەرەکییەکانی لە ژیاندا دابین کرابێت.

چوارەم: ئەگەر بڕبڕەی پشتی ژینگەپارێزیی و گەشەپێدان بریتیی بێت لە سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، ئەوە لەبەر بەردەوامیی کێشە سیاسییەکانی عێراق، نەتوانراوە لەماوەی ئەم یازدە ساڵەدا سەرژمێریی دانیشتووان و ئامار ئەنجام بدرێت.

بۆیە تائێستا بەوردی نازانرێت ژمارەی راستەقینەی دانیشتوانی عێراق چەندە؟ ئەمەش کێشەو گرفتی بۆ



**عێراق بە پێچەوانەی (ڕێککەوتننامەی ئۆتاوا) کە ڕێککەوتننامەیەکی جیهانییە بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین، لەساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا حکومەتی ناوەندیی لە دژی شۆڕشەکانی گەلی کوردستان ژمارەیەکی زۆری مین لە کوردستاندا چاندووە**

سیاسەتوانان و ئابووریناسان و پلاندانەران دروست کردووە لەم عێراقەی کە جەنگ و شـــەڕە نێوخۆییەکانی توانای لەبەر بڕیوەو، ژێرخانیشی دەیان ساڵە وێران بووە بەجۆرێك کە پلانی ستراتیژیی و گەشەپێدانی گەورەی دەوێت بۆ هەستانەوە.

پێنجەم: بەردەوام ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی پێکهاتەکان، ملیۆنەها پەنابەری نێوخۆیی دروســـتکردووە کەناتوانن لەخەمی پاراســـتنی ژینگەدا بن، بەڵکو دەبنە هۆکاری تێکدان و پیسکردنی ژینگە.

دەوڵەتی کوردستان و پاراستنی ژینگە:

کوردستانی سەربەخۆ و دەوڵەتی کوردستان باشتر دەتوانێت خزمەت بەژینگەی خۆی بـــکات و، ببێتە فاکتەرێکی نێودەوڵەتییش لەپاراستنی ژینگەدا لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: سروشـــتی کوردستان خۆی لەخۆیدا ژینگەیەکی پاکەو، زۆرتر پێویستیی بەپاراستنە هەتا چاککردن.

دووەم: تاکی کورد بەسروشـــتی خـــۆی و ژینگەکەی، تاکێکی ژینگەدۆســـتەو، حەز لە رووبەری سەوزایی و درەخت و دارستان و کوالێتی بەرزی ژیان دەکات.

ســـێیەم: کورد دەزانێت کـــە تەنها ئاشـــتیی پارێزەری ژینگەیـــەو، جەنـــگ و شـــەڕیش دوژمنـــی ژینگەو پێکهاتەکانییەتی. چونکە کورد قوربانیی دەســـتیی جینۆسایدو تاوانەکانی جەنگە.

چوارەم: کورد بەردەوام لەهەوڵی بەهێزکردنی نەهێشتنی جیـــاوازی چینایەتـــی و هەژارییـــە، ئەمەش پرســـی ژینگەپارێزیی دەکاتە خەمێکی گشتیی.

پێنجەم: هەبوونی هەستی بڵاوکردنەوەی ژینگەپارێزیی، بۆ نموونە ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بەژینگەپارێزیی لەم هەرێمەدا گەیشتۆتە نزیکەی حەفتا ڕێکخراو.

**عێراق قەڵای کەرکوکی روخان و کردییە سەربازگەو، دەروازەی قەڵای هەولێری شێواندو بەشێوازێکی دی دروستی کردەوەو، زۆرێک لەو کەلەپوورە جیهانیانەی لەعێراقدا هەن، تاڵانی کردو لەبازاڕی ڕەشدا فرۆشتی**

شەشەم: حەزکردنی کورد بەئاو و ئاوەدانیی و بنیاتنانی پارك و باخچەو، پارێزراوە سروشـــتییەکان و جوانکاریی، هۆکارن بۆ دابینکردنی ژینگیەکی تەندروست.

حەوتەم: ئارامیی سیاسیی و ژینگەی سیاسیی تەندروست وایکـــردووە زۆربەی ئاژانســـەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەهەرێمدا بن، لەحاڵەتی ســـەربەخۆبوونی کوردستانیشدا ئەو ئاژانســـانە بەتایبەت (یوئێن دی پی) و (یو نیپ) دەســـتیان واڵاتـــر دەبێت بـــۆ جێبەجێکردنی راســـپاردە نێودەوڵەتییە ژینگەییەکان.

هەشـــتەم: پێوەندییـــە نێودەوڵەتییە بـــاش و زۆرەکانی کوردستان لەگەڵ تەواوی جیهاندا هۆکارە بۆ پابەندبوون بەرێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەژینگەوە.